کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

۴۳۷

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ۴۳۷ –ڕەزبەر – اکتبر ۲۰۲۳




## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

بەبۆنەی دەستپێکی ساڵی خوێندنی ۱۴۰۲-۱۴۰۳

**ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**
**بەبۆنەی مانگرتنی یەکپارچە لە کوردستان و نارەزایەتییەکان**
**لە ساڵرۆژی گیانبەختکردنی ژینا و دەستپێکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرانسەری**



## چاوخشاندنێک بەسەر بەیاننامەی کۆمیتە شۆڕشگێڕەکان

**پەیامی پیرۆزبایی ئەنجومەنی سینفیی مامۆستایانی کوردستان (دیواندەرە، مەریوان و سەولاوا، سەقز و زێویە، سنە و کەلاتەرزان) بەبۆنەی دەستپێکی ساڵی خوێندن و کرانەوەی مەدرەسەکان**



## وەڵامی دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەداران بە خواستی بردنەسەری حەقدەستی کرێکاران




## خەڵکی «ناگۆرنۆ قەرەباغ» قوربانی ڕەقابەتی دەوڵەتانی سەرمایەداری

### سەروتار

سۆسیالیسم بەدیلی چینی کرێکار بۆ ڕزگاریی کۆمەڵگە

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە دەورانی دەسەڵاتی خۆیدا لەڕێگەی یاسای کاری دژەکرێکاری، بە خستنەدەری بەشێکی بەرین لە کرێکاران لە بازنەی ئەم یاسای کارەی، بە داسەپاندنی حەقدەستی چەند قات ژێر هێڵی هەژاری، پەرەپێدانی ئەرتەشی پاشەکەوتی بێکاران و بە سەرکوتی مانگرتن و نارەزایەتی و بێبەری کردنی کرێکاران لە مافی پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆ و لەڕاستیدا بە زیادکردنی هێزی کاری هەرزان، بواری بۆ کەڵەکەکردنی بەرینی سەرمایە لە ئێران فەراهەم کردووە. وێڕای هەموو ئەمانە ڕژیم لەئێستادا ئەوپەڕی بێتوانایی خۆی لە کۆنترۆڵکردنی قەیرانی نیزامی سەرمایەداریدا نیشان داوە. حکوومەتی ئیسلامی وەک دەسەڵاتێکی سەرمایەداری مەزهەبی نەتتەنیا ناتوانێ قەیرانی ئابووری سەرمایەداری ئێران کۆنترۆڵ بکات، بەڵکوو خۆی هۆکاری سەرەکی پەرەپێدان و قووڵبوونەوەی ئەم قەیرانەیە. ڕژیمی ئیسلامی نەتەنیا نەیتوانیوە بارودۆخی پێویست بۆ تێکەڵبوونی ئابووریی ئێران لەگەڵ بازاڕی ڕەقابەتی جیهانی، جەزبی سەرمایە و تێکنۆلۆژی پێشکەوتوو و هاتووچۆی ئازادی سەرمایە و موعامەلەی ئازادانەی کاڵاکان دابین بکات، بەڵکوو بەهۆکاری پێکهاتەی ئایدیۆلۆژی و یاسایی و ئیداری و سیاسی و هەروەها بەهۆی سیاسەتی ماجەراجویانە و زێدەخوازانەی لەئاستی ناوچەکە، قەیرانی سەرمایەداری ئێرانی قووڵتر کردووەتەوە. ئەم قەیرانانە لە جەرگەی درێژەی قەیرانی جیهانی سەرمایەداری، پەراوێزخرانی ڕژیم لە ئاست ناوچەکە و جیهان و درێژەی گەمارۆ نێونەتەوەییەکان و هەروەها گەندەڵی

ناو دەسەڵات، ئابووریی قەیراناوی ئێرانی بەرەو دارمان بردووە.

نیشانەکانی پرتووکاوی سەرمایەداریی ئێران و ئاکامە وێرانکەرەکانی سیاسەتی ئابووری نیۆلیبرالی و گەندەڵی و ڕانتخۆریی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، لە هەموو شوێنێک ڕوخساری ناحەز و دژەمرۆیی خۆی نیشان داوە. بەکردەوەدەرهێنانی بەرنامەی نیۆلیبڕالی، خسووسی سازی، پەرەپێدانی چەوساندنەوە و بێکاری، داسەپاندنی هەڵاواردنی ڕەگەزی دژبە ژنان لە بازاڕی کار و بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، کاڵایی کردنی پەروەردە و بارهێنان، تەندرووستی و دەرمان و باقی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و بێبەری کردنی ژمارەیەکی هەرچی زیاتر لە خەڵک لە دەستڕاگەیشتنیان بەم خزمەتگوازارییە سەرەتاییانە، قەیرانی ژینگە و هەروەها پەرەسەندنی حاشیەنشینی وێڕای ئاکامە دڵتەزێنەکانی، بارودۆخێکی کارەساتباری بەسەر جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگەدا سەپاندووە. حەقدەستی چەند قات ژێر هێڵی هەژاری، نەدرانی سەری وەختی هەر ئەم حەقدەستانە، پەرەسەندنی شیرکەتەکانی پەیمانکاری، تەورۆم و گرانی و هاتنە خوارەوەی توانای کڕینی کرێکاران، ژیانی بنماڵە کرێکاری و بێبەشەکانی کۆمەڵگەی بەرەو تەباهی بردووە. پەرەپێدان بە چەوساندنەوە لە نەبوونی کەرەستەی ئیمەنی شوێنی کاردا، شوێنەکانی کاری یەکجار نائەمن کردووە. بێکاری بەرین و زیادبوونی قەراردادی کاتی و سپی ئیمزا هەرجۆرە ئەمنییەتێکی شوغڵی لە کرێکاران زەوت کردووە. لە جەرگەی هەژاری و فەلاکەتی ئابووری و نائەمنی کۆمەڵایەتیدا، دیاردەی منداڵانی کار و شەقام، دیاردەی ئیعتیاد و زۆربوونی لەشفرۆشی و گەلێک ئازاری کۆمەڵایەتی تر کە بنەماڵەکانیان گرفتار کردووە، ژیانی بۆ کرێکاران و توێژە لاوازەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە دژوار و تاقەت پرووکێن کردووە. لەبەرامبەردا دەسەڵاتداران و باندە حکوومەتییەکان بە سەروەتی سەرچاوەگرتوو لە ڕانتی دەسەڵات، ژیانێکی ئەفسانەییان پێکهێناوە و لە ناز و نیعمەتدا بەسەر دەبەن. لەم بارودۆخەدا دەسەڵات و سەروەتێکی هەرچی زیاتر کەوتووەتە دەست کەمینەیەکی بچووک لە سەرمایەداران، کاربەدەستانی حکوومەتی و ئاغازادە و سەرانی سپا و بۆشایی چینایەتی قووڵتر بووەتەوە و جەماوەرێکی هەرچی زیاتر لە توێژەکانی خوارەوە و تەنانەت لە توێژی مامناوەندی کۆمەڵگە ژیانێکی دژوار و هەژارانەیان بەسەردا سەپاوە.

هەر ئەم واقعییەتە ئابوورییانە و ئاسۆی هەژاری و فەلاکەتی زیاتر و داسەپاندنی هەڵاواردنی ڕەگەزی دژبە ژنان، پەرەسەندنی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگەی کردووەتە بابەتێکی حەتمی و هەمیشەیی. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا کە بە ناوی ڕەمزی ژینا دەستی پێکرد و ئێستا زیاتر لە یەک ساڵ لە سەرهەڵدانی تێپەڕیوە لەسەر بەستێنی ئەم بێبەشی و بێ مافییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییانە شکڵی گرت. امانجی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێرانەیە تەنیا رووخاندنی کۆماری ئیسلامی نییە. جەماوەری ڕاپەڕیو دژبە بێمافی، نەهامەتی و هەڵاواردنێک هاتوونەتە مەیدان کە ڕیشەی لە موناسباتی سەرمایەدارییدایە. ئەم بزووتنەوەیە ماهییەتێکی دژەسەرمایەداریی هەیە. ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانە چاوی لە ئیمکاناتی بەرینی وڵاتی ئێران




بۆ ودیهێنان و بەرپایی کۆمەڵگەیەکی ئازاد، بەرابەر و بەختەوەر بڕیوە و ئاسۆی خۆی بەکورتی لە دروشمی "ئازادی، بەرابەری، ئیدارەی شۆرایی"دا ڕاگەیاندووە. لەم ڕووەوە پێویستە ئاسۆی سۆسیالیستی بخرێتە بەردەم ئەم بزووتنەوەیە و پێویستە هێز و توانایەکی نوێ ببەخشێن بەم وتارە.

لە وەها بارودۆخێکدا هێزە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی لە کۆماری خوازانەوە بگرە تا شۆرای مودیریەتی گوزار و باقی هێزە ڕەنگاوڕەنگەکانی نیۆلیبرالی بورژوایی لایەنگری ڕۆژاوا، لە ئەحزابی ناسیۆنالیستەوە بگرە تا سەڵتەنەت خوازان و موجاهیدینی خەڵک، نیگەران لە ماهییەتی واقعی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێرانەیە، بۆ سەر و سامان دان بە ئاڵتێرناتیڤی خۆیان هەوڵ دەدەن. بەڵام هیچکام لە بەشەکانی ئەم ئۆپۆزیسیۆنە، ڕێگاچارەیەکی واقعییان بۆ کۆتایی هێنان بە فەلاکەتی ئابووری خەڵک و تەنانەت بۆ گەشەدان بە ئابووری دڵخوازیشیان نییە.

ڕێگاچارەی ئەم هێزانە بۆ کۆنتڕۆڵکردنی قەیرانی ئابووری هیچ شتێک نییە بێجگەلە سپاردنی ئیدارەی ئابووری وڵات بە دەستی مودیرانی تێکنۆکرات، ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژاوا، لابردنی بەربەستە سیاسییەکانی سەر ڕێگەی تێکەڵ بوونی زیاتری سەرمایەداری ئێران لەگەڵ بازاڕی جیهانی، بەکردەوە دەرهێنانی بەرنامەی ئابووری نیۆلیبڕالی لەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد لە ناوخۆی وڵات. ئەم هێزانە لە باشترین حاڵەتدا بەرنامەی نیولیبرالی بە مودیریەتی غەیری ئیسلامییەوە بەڕێوە دەبەن و دیکتاتۆری غەیری دینی دەخەنە جێگای دیکتاتۆری دینی. ئەم جۆرە نوسخانە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووریی سەرمایەداری ئێران لە حاڵێکدا دەپێچرێت کە هاوشێوەکانی لە زۆر وڵاتی جیهان بەکردەوە دەرهاتووە و نەهایەتەن شتێک بێجگەلە ئیدامەی وەزعی مەوجوود و پەرەسەندنی هەژاری و نابەرابەری کۆمەڵایەتییان بەبار نەهێناوە.

لەم بارودۆخەدا تەنیا ئەڵتێرناتیڤی سۆسیالیستی ئاسۆی ڕزگاری بەرووی کرێکاران و جەماوەری خەڵکی بەش مەینەتی ئێران دەکاتەوە. بەدیلی سۆسیالیستی لەسەر بنەمایەکی بابەتی دامەزراوە و جێبەجێکردنی زۆر عەمەلییە. هێزی کۆمەڵایەتی، واتە چینی کرێکار لەمەیداندایە. ئەم چینە لەرەوتی گەشەی خەباتەکەیدا پشتیوانی زۆرینەی بێبەشان و ستەم لێکراوان و ئازادیخوازانی ئێران بەرەو لای خۆی رادەکێشێت. ئەڵتێرناتیڤی سۆسیالیستی لە یەکەم هەنگاویدا رژیمی کۆماری ئیسلامی دەڕووخێنێت. ماشێنی دەوڵەتی بەهەموو دام و دەزگای سەرکوتیەوە تێکدەشکێنێت و دەسەڵاتی شووراکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دادەمەزرێنێت. دەسەڵاتی شوورایی ئازادی بێ شەرت و مەرجی سیاسی جێدەخات. دەسەڵاتی شووروایی خاوەندارێتی کۆمەڵایەتی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەئێران دادەنێت و پلان بۆ گەشەی ئابووری لەئێران دادەڕێژێت. لەو ڕێگەیەوە هەموو زەرفیەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لەکۆمەڵگای ئێران دەخرێتەگەڕ. بەچارەسەرکردنی لەخۆنامۆبوونی مرۆڤ لەگەڵ بەرهەمی کارەکەی، توانایی و لێهاتووییەکانی مرۆڤ چرۆ دەکات. ئەو کات ئیتر ئامانجی بەرهەمهێنان دەبێتە چارەسەرکردنی پێداویستییەکانی جەماوەر و ژیانێکی ئاسوودەو شیاوی مرۆڤ بۆ هەمووان. گەشەی ئابووری لەم ڕێگایەوە مسۆگەر دەبێ، بەرهەمی زیاتر بەکات و هێزێکی کەمتر بەرهەم دەیێت و خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش دەکرێت، بۆ چارەسەرکردنی پێویستییە

مادی و مەعنەوییەکانی مرۆڤەکان خزمەتگوزاری و بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی خەڵک لەئاستێکی بەریندا بەڕێوەدەچێت. لەوەها سیستەمێکدا خەڵک دەرفەت و ئیمکانی یەکسان و بەرفراوانیان بۆ دەرەخسێت بۆ ئەوەی لێهاتوویی و تواناییەکانی خۆیان وەکوو تاک گەشە پێ بدەن. لەوەها کۆمەڵگایەکدا ئازادی و ئاسوودەیی تاک دەبێ بەمەرجی ئازادی و ئاسوودەیی گشتی. لەئاکامدا خەبات بۆ مانەوەی تاکەکەسی کۆتایی پێ دێت و مرۆڤەکان پێ دەنێنە نێو بارودۆخێکی مرۆیی راستەقینەوە.

لە کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا کار ئیتر نە زۆرەملییەو نە بۆ دابینکردنی ژیانە و تاک دڵخوازانە کار دەکات. تاک هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات و لەو رووەوە وەڵام بەپێویستیەکی کۆمەڵایەتی دەداتەوە. تکنۆلۆژیا و گەشەی زانست لەدەست کێبرکێی سەرمایەداری هەوسارپچڕاو دێتەدەر و گەشەی جیهانی زانست خێراییەکی بێ وێنە بەخۆیەوە دەگرێت، لەبەر ئەوەی لەدەست ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی سەر بەشەریکە ئابوورییەکان دێتە دەر کە دژ بەیەک هەموو کارێک دەکەن. پێشکەوتنی زانست و تێکنۆلۆژی ئیمکانی هێنانە خوارەوەی سەعاتی کار و بردنەسەرەوەی سەعاتی فەراغەت فەراهەم دەکەن. کۆمەڵگەی سۆسیالیستی لەگەڵ هەموو جۆرە نابەرابەری و هەڵاواردنی وەک ستەمی نەتەوەیی و ستەمی جنسیەتی نامۆ دەبێت. هەموو جۆرە ستەمێک بە پێی ڕەگەز و نەتەوە هەڵدەوەشێتەوە و هاوپشتی ئینسانی جێگای دەگرێتەوە. سۆسیالیسم کۆتایی بە کاولکاریی ژینگە دێنێت کە لەئێستادا هەستی و ڕەفاهی ئینسانەکانی خستووەتە مەترسییەوە. نیزامی سۆسیالیستی بەشێوەی عەقڵانی بەپێی پێویست لە سرووشت کەڵک وەردەگرێت. بەدڵنیاییەوە وەدیهاتنی کۆمەڵگایەکی لەوچەشنە خەیاڵ نییە، بەڵکوو ڕەوتی گەشەی مێژووی مرۆڤ بەو ئاراستەیەدا دەچێت.هێزە کۆمەڵایەتییەکەی لە قامەتی ناڕەزایەتی و مانگرتنی شکۆداری کرێکاران، ناڕەزایەتی بێبەشانی شار حزووری هەیە و ئیمکاناتی مادی وەدیهێنانی هەر ئێستا بەردەستن. بەڵام بۆ گەشە و سازماندانی ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە، بۆ بەرپاکردنی بزووتنەوەیەکی شوورایی و بۆ بەرقەرارکردنی سۆسیالیسم، پێویستە قۆڵمان هەڵماڵین.

***

## وەڵامی دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەداران بە خواستی بردنەسەری حەقدەستی کرێکاران

ڕۆژی یەکشەممە ٩ی مانگی ڕەزبەر «عەلی ڕەعیەتی فەرد» جێگری وەزارەتی «تەعاون، کار و ڕەفاهی ئیجتماعی» و سەرۆکی شۆرای باڵای کاری ڕژیم، لە وڵام بە داخوازیی کرێکاران بۆ بردنەسەری حەقدەستی چوار قات ژێر هێڵی هەژاری لە نیوەی دووهەمی ئەمساڵ، هەرجۆرە زیادکردنێکی حەقدەستی ڕەت کردەوە و ئەم بابەتەی حەواڵەی ساڵی داهاتوو کرد. ئەم کارگێڕەی حکوومەتی ئیسلامی وتی: “بابەتی لانیکەمی حەقدەست ساڵی جارێک دێتە ئاراوە و لێکۆڵینەوەی لێ دەکرێت. بێجگەلە ئەوەش بۆ بڕیاری نوێ، پێویستە هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکانمان حەتمەن لەمبارەوە یەکدەنگ بن و ناکرێ بەتەنها یەک لایەن



داوای زیادکردنی حەقدەست بکات». هەڵبەت بەر لەئەویش سەوڵەت مۆرتەزەوی، وەزیری کاریش لەگەڵ بردنەسەری دووبارەی حەقدەستی کرێکاران لەمساڵدا دژایەتی کردبوو و داوای لە کرێکاران کردبوو کە بۆ زیادکردنی حەقدەست لەگەڵ خاوەنکاری خۆیان وتووێژ بکەن و ئەم بابەتە ساڵی داهاتوو لێکۆڵینەوەی لێ دەکرێت. ئەم وتانەی وەزیری ڕژیم و جێگرەکەی لە حاڵێکدایە کە لە مانگی ڕەشەممەی ساڵی ڕابردوودا دوای ساغکردنەوەی گەڵاڵەی بوودجەی دەوڵەت، لانیکەمی حەقدەستی مانگانەی ئەمساڵ لەلایەن شۆرای باڵای کاری ڕژیمەوە بە بردنەسەری ٢٧ لەسەد، نزیک بە پێنج ملیۆن و ٣٠٨ هەزار تمەن دیاریکرا. بەمجۆرە کۆی گشتی حەقدەستی بنەماڵەیەکی خاوەن منداڵ بەلەبەرچاوگرتنی باقی خزمەتگوازییەکان، دەبووە نزیک بە ٨ ملیۆن تمەن. ئەم بڕە پارەیە بۆ خانەنشینکراوان کەمتر لەوە بوو و بە بردنەسەری ٢٠ لەسەد، حقووقەکانیان گەیشتە نزیک ٦ ملیۆن تمەن. بێگومان بۆ زۆربەی کرێکاران کە یاسای کار نایانگرێتەوە دۆخی ژیانیان لەوەش خراپترە.

ئەم بڕیارەی شۆرای باڵای کاری ڕژیم هەر ئەوکات لەلایەن کرێکاران و ڕێکخراو و ناوەندە کرێکارییەکان، لەوانە کرێکارانی حەوت تەپە، کۆمەڵێک لە کرێکارانی خانەنشینکراوی حەوت تەپە و شووش، ڕێکخراوەکانی دیکەی خانەنشینان، سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئۆتوبوسڕانی تاران و دەوروبەر، سەندیکای کرێکارانی فلێزکار مکانیک و خانەنشینانی سەربەخۆی یەکگرتووی بابێل، قەزوین و ڕامهۆرمۆز و شوێنەکانی تر درایە بەر ناڕەزایەتی بەرین. بردنەسەری ئەم ئاستە کەمەی حەقدەست لە حاڵێکدایە کە خەرجی سەبەدی بژێوی بنەماڵەیەکی کرێکاری خاوەن منداڵ هەر ئەوکات نزیکەی ٢٦ ملیۆن تمەن بەرئاورد کرابوو کە ئەمە تەنانەت لەگەڵ یاسا کەزاییەکانی حکوومەتی دژەکرێکاری کۆماری ئیسلامیش یەکی نەدەگرتەوە. بەپێی دوو تێبینیی مادەی ٤١ی یاسای کاری ڕژیم، «دەبێت زیادکردنی لانیکەمی حەقدەستی مانگانەی کرێکاران بە پشتبەستن بە زیادبوونی ڕێژەی هەڵاوسان و هەروەها تێچووی سەبەدی بژێوی بنەماڵەیەکی کرێکاری دیاری بکرێت». لەو کاتەدا بە مەبەستی فریودانی کرێکاران و پێشگرتن لە ناڕەزایەتی و مانگرتن لەو دۆخە مەترسیدارەدا، بەشێک لە بەرپرسە درۆزنەکانی ڕژیمی ئیسلامی بەڵێنیان دا کە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان و بەرزبوونەوەی تێچووی بژێوی ژیان، لانیکەمی حەقدەست لە نیوەی دووەمی ئەمساڵدا دووبارە زیاد دەکرێتەوە. عەلی ڕەعیەتی بۆ پاساوکردنی یەکنەگرتنەوەی ئاستی حەقدەست لەگەڵ مادەکانی یاسای کار ڕایگەیاند: «ڕێژەی هەڵاوسان هەمیشە ڕەچاو ناکرێت و شۆرای باڵای کار بەشێوەی سێ قۆڵی لانیکەمی حەقدەست دیاری دەکات».

ئاشکرایە کە هەر سێ لایەنی شۆرای باڵای کاری ڕژیم نوێنەری سەرمایەدارانن و کرێکاران بۆ دیفاع لە بەرژوەند و قازانجیان و بۆ دیفاع لە زیادکردنی حەقدەستەکانیان، لەم شۆرا دەستسازەی حکوومەتی ئیسلامیدا نوێنەریان نییە. تەنانەت ئەوانەی وا وەک نوێنەری کرێکاران لەم شۆرایەدا دیاریکراون، دژبە بەرژەوەندی کرێکاران و لەدژی بردنەسەری حەقدەست و بە قازانجی دەوڵەت و خاوەنکار دەنگ دەدەن.

هێندێک جار دەڵێن کە بردنەسەری حەقدەست دەبێتە هۆی چوونەسەری ئاستی هەڵاوسان و ئێستاش دەڵێن کە خاوەنکاران نیگەرانی کرێکارانن بەڵام لە بواری دابینکردنی حەقدەستدا بەرەورووی کێشە بوونەتەوە. یان بۆ دیفاع لە بەرژەوەندی خاوەنکار دەڵێن کە خاوەنکاران کێشەی دابینکردنی هێزی کاریان هەیە چونکە کرێکاران وەشوێن پیشەی دیکە دەکەون و یان بۆ وڵاتانی تر کۆچ دەکەن. ئەوەش ئەوپەڕی فریوکاری ڕێبەران و بەرپرسانی دەسەڵاتی ئیسلامی دەگەیەنێ. چونکە هەموو کەس دەزانێت کە لەو قەیرانە قووڵە ئابوورییەی کە ڕژیم بەرەورووییەتی، «پیشەی دیکە» ئەسڵەن بوونی نییە تا کرێکاران رووی تێ بکەن. بێجگەلە ئەمە، کرێکاران کە تەنانەت بۆ دابینکردنی خۆراکی ڕۆژانەیان لەگەڵ کێشە بەرەوروون بە چ ئیمکاناتێکی ماڵییەوە دەتوانن بۆ وڵاتانی تر کۆچ بکەن.

بارودۆخی ئابووری لە ئێران بۆ کرێکاران هێندە قەیراناوی و فەلاکەتبارە کە تەنانەت بەپێی ئەرقامی ناوەندی ئاماری خودی ڕژیم، تێچووی سەبەدی بژێوی بنەماڵەیەکی کرێکاری بەردەوام دەچێتە سەرێ. بەلەبەرچاوگرتنی ڕێژەی هەڵاوسانی ٥٠ لەسەدی، هەزینەی سەبەدی بژێو و ژیانی بنەماڵەیەک لە شارەکانی ئێران لە مانگدا گەیشتووەتە سەرووی ٣٢ ملیۆن تمەن. دەوڵەتی ڕەئیسی کە هیچ شارەزاییەکی بێجگەلە درۆ و قەتڵ و سەرکوت نییە، توانای کۆنترۆڵکردنی تەوەروم و وڵامدانەوە بە داخوازیی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی نییە. کەوابوو کرێکاران و خانەنشینان مافی خۆیانە کە خوازیاری بردنەسەری لانیکەمی حەقدەستی چوار قات ژێر هەژاری بن کە ساڵەهایە حکوومەتی ئیسلامی لەڕێگەی گوشار و سەرکوت و زیندان و ئەشکەنجەوە بەسەریاندا سەپاندووە. کۆماری ئیسلامی دژەکرێکار هەمیشە داخوازیی کرێکاران و ناڕەزایەتییەکانی بۆ بردنەسەری حەقدەست، بە دەرکردن و دەستبەسەرکردن و زیندان وڵام داوەتەوە. بەڵام بێگومان کرێکاران بۆ گەیشتن بە داخوازییە ڕەواکانیان و بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئینسانی ڕێگایەکیان بێجگەلە ناڕەزایەتی و مانگرتن و ڕێکخستنی ریزەکانیان بۆ نەماوەتەوە.

لە بارودۆخی ئێستادا یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی کرێکاران بۆ بەرێوەبردنی ناڕەزایەتی و وەدیهێنانی داخوازییەکانیان، نەبوونی ڕێکخراوەکانی جەماوەری و چینایەتیی کرێکارانە. سەرانی دز و گەندەڵی دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەداران بەخاتری ڕێکخراوەنەبوونی کرێکاران توانیویانە هەزاران ملیارد تمەن بۆ بردنەسەری بوودجەی هێزی سەرکوتکەری نیزامی و ئەمنیەتی و ناوەندەکانی جەهل و خورافەی مەزهەبی لە گەڵاڵەی بوودجەدا بگونجێنن. ئەو هێز و ناوەندانەی کە نەتەنها ڕۆڵێکیان لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا نییە بەڵکوو زەرووئاسا لە بەرهەمی ڕەنج و کاری کرێکاران دەخۆن. بەڵام هەر کات نۆبەی کرێکاران دێ هاوار دەکەن کە ناتوانن حەقدەستی چوار بەرابەر ژێر هێڵی هەژاری کە بەسەر کرێکارانیاندا سەپاندووە، زیاد بکەن.

***

## چاوخشاندنێک بەسەر بەیاننامەی کۆمیتە شۆڕشگێڕەکان

ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و مێژوویی بوو کە تێیدا کۆمەڵگا لەماوەیەکی یەکجار کورتدا گەلێک هەنگاوی گەورەی بەرەو پێشەوە هەڵگرت. ئەم ئاخێزە لەسەر بەستێنی بارودۆخێکی بابەتی و مادی و لە درێژەی ناڕەزایەتی و مانگرتنە گەورە کرێکارییەکاندا پێکهات. ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەیە درێژەی ئاخێزی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و برسیی مانگی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ بوو. ئەم ئاخێزە ئیدامەی ئاخێزی تینووەکانی خووزستان بوو. پێشەنگایەتی ژنان هۆکارێکی سەرەکی پێشڕەوی ئەم ئاخێزە بوو. ئەم ڕاپەڕینە بە کردەوەی سەمبۆلیکی وەک فڕێدان و سووتاندنی حیجاب لەسەر شەقام و سەما و هەڵپەڕین لە دەوری ئاگر، یەکێک لە بنەماکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی حکوومەتی ئیسلامی تێکشکاند. ئەم ئاخێزە بە هێرشکردنە سەر بەهێزترین پێگەی ئیسلامی سیاسی و یاسای سەختی دینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، بزووتنەوەی ڕزگاریی ژنی لە ناوچەکە بردە قۆناغێکی نوێوە و بوو بە هێمای بزووتنەوەی ڕزگاریی ژن لەم ناوچەیە. لە جەرگەی ئەم ئاخێزەدا دەیان کۆمیتە و شۆرا پێکهاتن کە ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان لە ڕێکخستنی ناڕەزایەتییەکان لە گەڕەکەکان، شەقامەکان، مەیدان و زانکۆکاندا بینی. ئەم کۆمیتانە و شۆراکان هاوکات لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سەرکوتگەران و خۆڕاگریی بوێرانە و قارەمانانە لە بەرامبەریان، بە وشیارییەکی سیاسی بێوێنەوە بەرەنگاری هەوڵەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی و ڕاست بوونەوە.

لە ساڵیادی ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەیەدا گەلێک بانگەواز لەلایەن ڕێکخراوە کرێکارییەکان، خانەنشینان، و کۆمیتە و شۆراکانی گەڕەکەکان بڵاوکرایەوە. لە هەموو ئەم بانگەوازانەدا، بەڵێندرابوون بە درێژەدانی شۆڕش تا تێکشکاندنی نەزمی ستەمکارانە و چەوسێنەرانە ڕاگەیەندراوە. لەو نێوەدا بەیاننامەی هاوبەشی «لاوانی شۆڕشگێڕی گەڕەکەکانی سنە، کۆمیتەی شۆڕشگێڕی گیلان، کۆمیتەی جەوادی نەزەری فەتح ئابادی، کۆمیتەی لاوانی شۆڕشگێڕی سووری مەهاباد، گرووپی ژیان، هەستەی لاوانی شۆڕشگێڕی زاهیدان»، جەختیان لە چەندین خاڵ کردووە کە کەمتر باسی لێکراوە. ئەوان بەدروستی بەیاننامەکەیان بەمجۆرە دەستپێدەکەن: „پێویستە لە خۆمان بپرسین کە چ ڕێگایەکمان پێکەوە پێواوە و بۆ درێژەدانی ئەم ڕێگایە پێداویستییەکانمان کامانەن». ئەوان وێڕای گەڵاڵەکردنی داخوازییەکانی کۆمەڵگا دەنووسن: „کاتێک جەماوەری وەگیانهاتوو لە ستەم هاواریان کرد "ژن، ژیان، ئازادی"، لەڕاستیدا دەنگیان لە قووڵایی ئەم کۆمەڵگا نایەکسان و دژەئینسانییەوە بەرز کردەوە. لەم ڕووەوە لەئێستادا پێویستە روون بێتەوە "ئێمە"ی کە دەنگمان بەرز کردووەتەوە کێین و لە ساڵیادی ڕاپەڕینی جەماوەری "ژینا"دا چۆن بیر لە درێژەدانی ڕێگا دەکەینەوە. "ئێمە" کە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشین و ژانی جیاوازی چینایەتی دەچێژین، "ئێمە" کە ژنین لە هەڵاواردنی ڕەگەزی ڕەنج دەبەین، "ئێمە" کە "کولیرین و هەر بەم هۆکارە ستەمی فراوانمان لێ دەکرێ، "ئێمە" کە "کەمئەندام"ین و لە مافی



هاووڵاتیبـوون بێبەریـن، "ئێمـە کـە عەرەبیـن، کوردیـن، تورکیـن، بەلووچیـن، لوڕیـن، توکمانیـن و ... و لەژێرنـاوی جۆراوجـۆردا لەلایـەن ناسیۆنالیسـتی ناوەندخـواز دەکەوێنـە ژێـر گوشـار و سـەرکوتەوە، و سـەرەنجام "ئێمـە"ی کـە دانیشـتووی ئـەم وڵاتەیـن و لـە نابوودیـی سرووشـت، لـە سـووتان و ئاگرتێبەردانـی دارسـتانەکان، لـە وشـککردنی تـاڵاو و ڕووبـارەکان و هیـتر لـە عـەزاب و ناڕەحەتیـدا دایـن."

ئـەوان ڕاشـکاوانە «نا»یەکـی گـەورە بـە پارلەمانتاریسـمی بورژوایـی دەڵێـن و لـە درێـژەدا دەنووسـن:بۆ ئێمـە دیموکراسـی لـە "سـندووقەکانی دەنگـدان" و لـە نوێنەرانـی هەڵبژێـردراو" کـە هەمـوو سـات ئەگـەری لابی کـردن و گەندەڵییـان لەئارادایـە، خولاسـە نابێتـەوە. ئێمـە خوازیـاری بەشـداری زۆرینـەی خەڵـک لـە پێکهێنانـی چارەنووسـی خۆیاندایـن. و بەشـداری زۆرینـەی خەڵـک لـە دیاریکردنـی چارەنووسـیان، پێویسـتی بەلەناوبردنـی "خاوەنداریەتـی تایبـەت بەسـەر ئامـرازی بەرهەمهێنـان و سـەرچاوە سرووشـتییەکان"، "کۆمەڵایەتـی بوونـی کاری ناومـاڵ"، "بەڕێوەبردنـی جەمعـی و شـۆرایی"ی ناوەندەکانـی بەرهەمهێنـان و خزمەتگوزاریـی بەپێـی خواسـت و ویسـتی زۆرینـەی کۆمەڵـگا. ئـەوان بـە وتنـی «کۆمەڵایەتـی کردنـی کاری ناومـاڵ» ئامـاژە بـە خاڵێـک دەکـەن کـە کەمتر گرینگـی پێـدراوە. ئـەم خاڵـە بەیانـی جیاوازیـی نێـوان دوو نەزمـی سـەرمایەداری و سۆسیالیسـتییە و نیشـانی دەدات کـە ئامادەکارانـی ئـەم بەیاننامەیـە چ تێگەیشـتنێکی قووڵیـان لـە بنەماکانـی ژێردەسـتەیی ژنـان هەیـە و ڕەنگـە ئەمـە یەکێـک لـە گرینگتریـن خاڵەکانـی ئـەو بەیاننامـە بێـت. بەتایبـەت ئەگـەر ئـەم بابەتەمـان لەبەرچـاو بێـت کـە لـە جەرگـەی ئاخێزێکدایـن کـە بـە دروشـمی «ژن، ژیـان، ئازادی»یـەوە دەسـتپێکردووە و هەنـگاو بـە هەنـگاو بەرەوپێشـەوە چـووە و قووڵـتر بووەتـەوە.

مارکـس و ئینگێلـس ڕایانگەیانـد کـە «لەگـەڵ پەیدابوونی بنەماڵـەی باوکسـالار، بـارودۆخ گـۆڕا. ئیـدارەی کاری ناومـاڵ، سـفەتی کۆمەڵایەتـی و گشـتی خـۆی لەدەسـت دا و بـوو بـە خزمەتێکـی خسووسـی. ژن بـوو بـە یەکەمین خزمەتگـوزاری ناومـاڵ. لـەم ڕووەوە ڕەوتـی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتـی چـووە دەرەوە». ئـەوان دروسـت ئامـاژە بـەم ژێردەسـتەییە دەکـەن. هەروەهـا لـە درێـژەدا دەڵێن: بەرابەریـی واقعیـی ژن و پیـاو «کاتێـک بەڕاسـتی دێتە دی کـە هـەر دوو لا لـە بەرابـەر یاسـادا بەتـەواوی یەکسـان بـن. ئـەوکات ئاشـکرا دەبێـت کـە یەکەمیـن مەرجـی ئـازادی ژن و پیـاو و چوونـی دووبـارەی ژنـان بـۆ نـاو سـەنعەتی گشـتی و کۆمەڵایەتـی پێویسـتی بەوەیـە کـە بنەماڵـە ئیـتر یەکـەی ئابـووری کۆمەڵـگا نەبێـت».

خاڵێکـی تـر تەئکیـدی ئـەوان لەسـەر مافـی کۆڵبەرەکانـە. ئـەوەش لەحاڵێکدایـە کـە هـاوکات لـە وڵاتانـی ئوروپایـی کۆنەپەرسـتان و ڕاسـتەکان کـە ئیرانییانـی سـەربە کۆنەپارێزانـی سـەڵتەنەتخواز لـە سـەروویانەوەن، بەرامبـەر بـەم بابەتـە بەڕیـز بـوون. ئەمانـە هـاوکات لەگـەڵ ئاخێـزی شۆڕشـگێڕانەی ژینـا لـە شـاری تورێنتـۆی کانـەدا کەمپێکیـان بـۆ ئینـکار و چاوترسـێنکردنی کەمینـە جنسـیەتییەکان، کـە ڕاسـتە ئێرانییـەکان تێیـدا چالاکانـە بەشـداربوون، وەڕێخسـت. ئـەم دژایەتـی و ناتەباییانـە نیشـانی دەدات کـە لەڕاسـتیدا توێژەکانـی ژێرسـتەمی کۆمەڵـگا، لـە پێگەیەکـی هاوشـێوە دان و چارەنووسـێکی هاوشـێوەیان هەیـە. لـە هـەر شـوێنێکی جیهـان هـەرکات خەباتێـک بـۆ ڕزگاری دەسـتپێبکات، ئەوانـەی وا بەرژەوەندیـان لەگـەڵ بەرژەوەنـدی خەڵکـی ژێـر سـتەم، ناتەبایـە هـەوڵ دەدەن بـە تەبلیـغ بـۆ کۆنەپەرسـترین و دژەئینسـانیترین بیروبۆچـوون بـە ڕەنـگ و لەعابێکـی نوێـوە، بەرەنـگاری ببنـەوە.

لەئێسـتادا پێویسـتە هیـوادار بیـن کـە ئـەو ئاسـۆ بەرجەسـتەیەی کـە لـە بەیاننامـەی «کۆمیتـە شۆڕشـگێڕەکان»دا باسـی لێکـراوە ببێتـە وتارێکـی بەهێـز لـە کۆمەڵگـەدا، چونکـە چارەنووسـی زۆرینـەی کۆمەڵـگا بـەم بابەتـەوە گرێـدراوە.

***

## راگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

### بەبۆنـەی دەسـتپێکی سـاڵی خوێندنـی ١۴٠٣-١۴٠٢

چەنـد ڕۆژ بـەر لـە لێدرانـی زەنگـی دەسـتپێکی دەرس و مەدرەسـە، زەنگـی هۆشـداری بەرینایـی بێونـەی هـەژاری و گرانـی، زیاتـر لـە هەمیشـە دەنـگ دەداتـەوە. لـە سـەروبەندی کرانـەوەی مەدرەسـەکاندا میدیـا حکوومەتییـەکان بـاس لـە بەرزبوونـەوەی ٦٠ تـا ١٠٠ لەسـەدی نرخـی کەرەسـتەی نووسـین، چوونەسـەری ٥٠ لەسـەدی نرخـی جلوبەرگـی خوێنـدکاران، بەرزبوونـەوەی ٤٥ لەسـەدی خەرجـی سرویسـی هاتووچـۆ و سـێ بەرابەربوونـی کرێـی مەدرەسـەکان دەکەن. خانـەوادەکان بـۆ دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی خوێندکارێکـی قۆناغـی سـەرەتایی بێجگەلـە پەرداختـی شـەهریە بـە بیانـووی جۆراوجـۆر و ٥ ملیـۆن تمـەن هەزینـەی هاتووچۆ پێویسـتە نزیـک بـە دوو ملیـۆن تمـەن تەنها بـۆ لەوازمـی تەحریـر خـەرج بکـەن. لە بارودۆخێکـدا کـە خەڵـک ئاهێکیـان لـە بەسـاتدا نییـە تـا ڕەونـەق بـە بـازاڕی لەوازمـی تەحریـر بـدەن، تەبلیـغ لـە تـۆڕی ئینسـتاگرم بـۆ کڕینـی لوازمـی تەحریـر و کەرەسـتەی نووسـین بـە قیسـتی چـوار مانگـە، گۆشـەیەک لـە بەرینایـی ئـەم کارەسـاتەمان پـێ نیشـان دەدات. ئـەوەش لـە حاڵێکدایـە کـە بنەماڵـەی جەمـاوەری کرێـکار و زەحمەتکێشـی کۆمەڵـگا بەهـۆی پەرەسـەندنی بێـکاری و گرانـی بەریـن بـۆ دابینکردنـی لانیکەمەکانـی ژیـان لـە مەزیقـە دان و دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی خوێندنـی منداڵەکانیـان بووەتـە موعزەلێکـی واقعـی. لـە وەهـا بارودۆخێکـدا بەوتـەی بەڕێوەبەرانـی وەزارەتـی پـەروەردەی ڕژیمـی ئیسـلامی ٢٧ لەسـەدی کلاس ئەوەڵـەکان تـا کۆتایـی مۆڵەتـی دیاریکـراو ناونووسـییان نەکـردووە و لـە دەرس و مەدرەسـە دوا دەکـەون. هاوکات




لەگـەڵ کالایـی بوونـی پـەروەردە، لـە حاڵێکـدا کـە ئاغـازادەکان و منداڵی سـەران و فەرمانـدەکان و کارگێڕانی ڕژیـم لـە نـاوەوە و دەرەوەی وڵات لە باشـترین ئیمکاناتی پـەروەردە بەهرەمەنـدن، ملیۆنـان منـداڵ و تـازەلاو بەتایبـەت منداڵانـی پەنابـەری ئەفغانسـتانی بەهـۆی سیاسـەتی دژە پەنابـەری ڕژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی لـە چەرخـەی دەرس و مەردەسـە دەخرێنـە دەر و بـە ناچـار لـە کارگـە، کورەخانـە و مـەزراکان دەچەوسـێنەوە یان بـە لەشـکری منداڵانـی شـەقام پەیوەسـت دەبـن.

سـەرەڕای بـە کاڵا کردنـی پـەروەردە و ڕەنگدانـەوەی بۆشـایی قووڵـی چینایەتـی لەنـاو سیسـتەمی پـەروەردە و سـەرەڕای خەرجـی یەکجـار بەرینـی حکوومەتی ئیسـلامی سـەرمایەداران بـۆ پەرەپێدانـی کۆنەپەرستی و خورافاتـی مەزهەبـی و دژایەتـی لەگـەڵ هەرجـۆرە پەروەردەیەکـی زانسـتی و پێشـڕەو لەڕێگـەی دەزگای ئادیۆلۆژیـک و ناوەنـدە ئەمنییـەکان و دامەزراندنـی هـەزاران تەڵەبـەی حـەوزەی عیلیمیـە لـە جیـات مامۆسـتایان، بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕانەی ژینـا بـە پێشـەنگایەتی ژنـان لـە شـەقام و زانکـۆ و مەدرەسـە ئاسـۆیەکی هیوابەخشـی خسـتووەتە بـەردەم بزووتنـەوەی خوێنـدکاری و کۆمەڵـگا بەگشـتی. خوێنـدکاران لـە زانکۆکانـدا لـە پەنـا دروشـمی «ژن، ژیـان،

ئازادی» بە وتنەوەی دروشمەکانی وەک «گیای هەرزە تۆی، ژنی ئازادە منم»، «تا ئاخوند نەخریتە کەفن، وەتن نابێتە وەتن»، «نە ڕووسەری، نە تووسەری، ئازادی و بەرابەری» و بە سووتاندنی ڕووسەری و بە ژێرپێنانی یاسای حیجابی ئیسلامی و سیاسەتی هەڵاواردنی ڕەگەزی، دژایەتی بزووتنەوەی ژینایان لەگەڵ خورافاتی دینی بەئاشکرا نیشاندا و هەڵاواردنی ڕەگەزییان لەناو سیستەمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامیدا بردە ژێر پرسیارەوە. شەپۆلی بەردەوامی دەستبەسەرکردن، ئەشکەنجە و زیندان و ئێعدام، دەرکردن لە زانکۆکان، بێبەریکردنی ژنان لە خوێندن لە دەیان خولی زانکۆ و هێرشی کیمیایی بۆسەر مەدرەسەکانی کچان هیچکام نەیتوانی بزووتنەوەی خوێندکاری ناچار بە تەسلیمبوون بکات. نارەزایەتی مامۆستایان دژبەم سەرکوتکەرییانە و بۆ دیفاع لە ئەمنیەت و حورمەتی خوێندکاران و خەباتیان لەپێناو بەدواداچوونی داخوازییە ڕەواکانیان کاریگەریی بەرچاوی لەسەر فەزای مەدرەسەکان و فەزای سیاسی گشت کۆمەڵگا دانا. مامۆستایان بە پێداگری لەسەر خواستی خوێندنی بەخۆرایی بۆ هەموو منداڵان و نەمانی هەڵاواردن و بردنەسەرەوەی حەقدەست بۆ سەرووی هێڵی هەژاری و خواستی مەنعی بە کاڵا بوونی پەروەردە و دەرمان و تەندرووستی، لەڕاستیدا خواستی کرێکاران و بێبەشان و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەشیان گەڵاڵە کردووە. مامۆستایان لە جەریانی خەباتی خۆیاندا ئەزموونی بەنرخیان لە بواری سازماندان و بەرپاکردنی مانگرتن و نارەزایەتی سەرانسەری بەدەست هێناوە. لەم ڕووەوە خوێندکاران پێویستە لە مامۆستایانی خۆیان نەتەنیا زانیاری و زانست، بەڵکوو تاکتیک و شێوازی سازماندان و یەکگرتوویی و خەباتیش فێربن. خوێندکاران دەتوانن بە دەرس وەرگرتن لە ئەزموونی بەنرخی بزووتنەوەی خوێندکاری، شۆرا و ناوەند و ئەنجومەنی خوێندکاران پێکبێنن. بزووتنەوەی خوێندکاری و مامۆستایان بە هاوپشتی لەگەڵ یەکتر و بنەماڵەکانیان دەتوانن سیاسەتی ئەمنیەتی و کۆنەپەرستانەی ڕژیمی ئیسلامی ناچار بە پاشەکشە بکەن و وزەیەکی نوێ بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا ببەخشن.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای پیرۆزبایی دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن، ستایشی خەباتی قارەمانانە و شکۆداری خوێندکاران و مامۆستایانی شۆڕشگێڕ لەماوەی یەکساڵی ڕابردوو دەکات و ڕێز لە هەوڵ و تێکۆشانیان دەگرێت لەپێناو پێکهێنانی هاوپشتی و یەکگرتوویی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان. لە باروودۆخێکدا کە ڕژیمی ئیسلامی سەرمایەداران بۆ مانەوەی دەسەڵاتەکەی لە هیچ جەنایەتێک دەریغ ناکات، پێویستە خەبات وشیارانە تر، نەخشەمەندتر، ڕێکخراوتر و بە هێنانەمەیدانی هێزی چەند بەرابەر بەتواناتر لە هێزی دوژمن، درێژەی بێت. بەدڵنیاییەوە سەرکەوتن هی ئێمەیە.

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

خەرمانانی ١٤٠٢

سێپتامبری ٢٠٢٣

***

## پێهەڵکوتنی دووبارەی خامنەیی بە سپای پاسداران بۆ مانەوەی دەسەڵاتی ئیسلامی

دوای تێپەڕینی چەند ڕۆژ لە ساڵیادی قەتڵی حکوومەتیی ژینا و دەستپێکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرانسەری، ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی مانگی خەرمانان عەلی خامنەیی بۆ جارێکی دیکە بەبیانووی ساڵوەگەڕی ٨ ساڵ شەڕی کۆنەپەرستانە و جەنایەتکارانەی ئێران و عێراق، کە بە هۆکاری پەرەسەندنی سنوورەکانی ئێران و پێکهاتنی بەناو «میحوەری موقاومەت» وەسفی کرد، بەخاتری سەرکوتکردنی خەڵک لە ساڵڕۆژی ئەم قەتڵە جەنایەتکارانەیەدا دەستخۆشی لە سپای پاسداران کرد. ئەو لە تاریف و تەمجیدەکەیدا سپای پاسدران و دەزگا نیزامی و ئەمنیەکانی بە «پێکهێنەری ئەمنیەت و ناموسی کۆمەڵگا» وەسف کرد و وتی: "دوژمن دەیەوێت زیان بە بەها و شەرافەت و کەرامەتی هێزە چەکدارەکان بگەیەنێت. بەڵام پێویستە قەدریان بزانین".

خامنەیی لەحاڵێکدا بەمجۆرە بێشەرمانە بە شاخ و باڵی سپای پاسدران و هێزە سەرکوتکەرەکانی پارێزەری دەسەڵاتەکەی هەڵدەڵێ کە ئەم دەزگا سەرکوتکەر و خوێنڕێژانە تەنها لەماوەی سێ مانگی سەرەتای بزووتنەوەی ژینادا، زیاتر لە ٥٠٠ ژن و پیاوی تێکۆشەر و تەنانەت منداڵیان کوشت. هەزاران کەسیان کوێر و بریندار و کەمئەندام کرد و زیاتر لە ٢٠ هەزار کەسیان دەستبەسەر و زیندانی کرد و ئەشکەنجەیان دان. پەروەندەسازییان بۆ کردن و بە پێی ئەم پەروەندانە حوکمی قورسیان بەسەردا سەپاندن. خامنەیی زوحاک لەحاڵێکدا هێزی ئەمنی و نیزامی بە «پێکهێنەری ئەمنیەت» وەسف دەکات کە لەماوەی ساڵی ڕابردوو و ئەمساڵدا بەردەوام لە گیانی خەڵک بەربوون و بە داگیرکردنی شەقام و مەیدان و کۆڵان و بازاڕ و بە هێرشی وەحشیانە بۆسەر ماڵی خەڵک، ئەمنیەت و ئاسایشیان لە کۆمەڵگا زەوت کردووە. ئەو لە حاڵێکدا هێزە سەرکوتکەرەکان وەک ناموسی کۆمەڵگا ناو لێدەبات کە بەکرێگیراوانی سەرکوتکەری ڕژیم لە شەقام و زیندانەکاندا، ژنان و پیاوانی لاو دەدەنە بەر



توندوتیژی و دەستدرێژی.

سپای پاسداران و دەزگای سیخوری بەسیج و باقی دامودەزگا ڕەنگاوڕەنگە ئەمنیەتییەکان کە بوودجە و ئیمکاناتی بێ حیساب و کیتابیان لە بەرهەمی ڕەنج و کاری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشەوە دابین دەکرێ، هەتا بە ئەمڕۆ گوێڕایەڵ و خزمەتکاری ڕژیمی ئیسلامی سەرمایە و سەرمایەداران بوون و هیچی تر. ئەم هێزانە هەرچی کردوویانە لەڕاستای دژایەتی و دوژمنایەتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و جەماوەری مافخوازی ئێران بووە. لەماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا کە ترس و نیگەرانی لە سەرهەڵدانەوەی نارەزایەتییەکانی شەقام لە ساڵڕۆژی قەتڵی حکوومەتی ژینا، خامنەیی و کادری ڕێبەریی سپای پاسداران و کارگێرانی دیکەی ڕژیمی داگرتبوو، کۆماری ئیسلامی لەڕێگەی هەر ئەم هێزەی کە خامنەیی بە «ئەمنیەتساز و ناموسی کۆمەڵگا» وەسفی دەکات فەزای شارەکانیان ئەمنیەتی و میلیتاریزە کردبوو. ئێستا ئیتر خەڵکی ئێران زیاتر لە ڕابردوو لە هۆکاری وجوود و ماهیەتی جەنایەتکارانەی

ڕێبەران و فەرماندەکانی ئەم هێزە سەرکوتکەرانە ئاگادار بوونەتەوە و باش دەزانن کە حکوومەتی ئیسلامی تەنها ئامرازی مانەوەی دەسەڵاتەکەی هێزی سەرکوتە. کۆبوونەوەی بەردەوامی خامنەیی لەگەڵ فەرماندەکانی سپای پاسداران لەماوەی چەند مانگی ڕابردوو، بۆ بەدەسهێنانی ڕەزایەت و دڵنیایی ئەوان بووە لەپێناو سەرکوتکردنی ژنان و پیاوانی خەباتکار کە بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی حکوومەتی ئیسلامی دەستیان داوەتە نارەزایەتی و خەبات.

خامنەیی لە بەشێکی تر لە وتەکانیدا بەبۆنەی ساڵوەگەڕی شەڕی کۆنەپەرستانەی هەشت ساڵە لەگەڵ عێراق، درۆیەکی ئاشکرای دیکەی کرد و وتی: "ئێمە لە ناوچەکەدا پایەگا و دەخاڵەتمان نییە و تەنها حزووری مەعنەویمان هەیە». ئەم حزوورە



کارەساتبارە «مەعنەوی»یەی حکوومەتی ئیسلامی کە لە ڕاستیدا دەخاڵەت و دەستتێوەردانی ئاشکرای ڕژیمی ئیسلامی لە ناوەندە قەیراناوییەکانی ناوچەکە لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوو بووە، بەشێکی تر لە سیاسەتی شکستخواردووی ڕژیمە لەپێناو ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی. سیاسەتێک کە سەرەڕای داسەپاندنی هەزینەی بەرین بەسەر سفرەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، لەڕێگەی شەڕنانەوە و کوشتار و وێرانی ملیۆنها خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی وڵاتانی ناوچەکەوە بەڕێوەچووە. ئەم سیاسەتە هەر ئێستاش بە بەکارهێنانی هێزی بەکرێگیراو و کۆنەپەرستی ئەم وڵاتانە لەژێرناوی «میحوەری موقاومەت»دا بەیوەدەچێت. پەنابردنی خامنەیی بۆ درۆ و تاریف و پێهەڵکوتن بە سپای پاسداران و هێزە سەرکوتکەرانی تر لە بارودۆخێکدایە کە کۆماری ئیسلامی لە ناوەوە و لە ئاستی ناوەچەکە و جیهاندا لەگەڵ قەیرانی قووڵی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی بەرەوڕووە. لە بارودۆخێکدایە کە ڕژیمی شکستخواردوی ئیسلامی، بە بنبەست گەیشتووە و توانای وڵامدانەوەی بە داخوازیی ئابووری و کۆمەڵایەتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش نییە و بە بێ هێزی سەرکوت و نیزامی و ئەمنیەتی ناتوانێ درێژە بە دەسەڵاتەکەی بدات. قەیرانی چارەهەڵنەگری حکوومەتی ئیسلامی داخوازیی ژنان و پیاوانی کرێکار و زەحمەتکێشە کە خامنەیی بە دروست بە دوژمنی خۆی و دەسەڵاتەکەیان دەزانێ. ئەو داخوازییانەی کە لە دەوریان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان شکڵیان گرتووە و بە چەکی مانگرتن و نارەزایەتی ڕێکخراو و بەردەوامی کرێکاران و خەڵکی وەگیانهاتوو لە هەژاری و بێکاری و برسیەتی و نەبوونی ئازادی، بەرەنگاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بوونەتەوە. نە تەسلیمبوون و «نەرمشی قارەمانانە» بەرانبەر بە ئەمریکا و دەسەڵاتەکانی دیکەی سەرمایەداری و نە بارمتەگیری و ئازادکردنی پارەی بلۆکەکراو و نە بە قەولی ڕەئیسی لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان «بەڕێوەبردنی بەڵێنەکانی ئەمریکا و ئەورووپا و گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی باش لە ئەگەری ئامادەبوونی ئەمریکا»، هیچ کامیان ناتوانێ کێشە و قەیرانەکانی ڕژیم چارەسەر بکات.

درێژەی دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەداران بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا بەمانای درێژە و پەرەستاندنی هەژاری و فەلاکەتێکە کە ساڵەهایە هەڕەشە لە ژیان و گوزەرانیان دەکات. ئەگەر کۆماری ئیسلامی بە گرتنەبەری هێرشی وەحشیانە هەتا ئێستا توانیویەتی لە مەترسی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانە لەلایەن نارەزایەتییە جەماوەرییەکانەوە خۆی دەرباز کات، بێگومان ناتوانێ لە شەپۆلی نارەزایەتی جەماوەری تێکەڵ بە مانگرتنی یەکپارچە و یەکگرتووی کرێکاران، کە تەنها ڕێگای ڕزگاری لەم دەسەڵاتە دژەژن و دژەکرێکار و کۆنەپەرستەیە، دەرباز بێت.

***

## خەڵکی «ناگۆرنۆ قەرەباغ» قوربانی ڕەقابەتی دەوڵەتانی سەرمایەداری

ڕۆژی سێشەممە ۲۸ی مانگی خەرمانان، سوپای ئازەربایجان ناوچەی «ناگۆرنۆ قەرەباغ» کە زۆربەی دانیشتووانی بەڕەچەڵەک «ئەرمەنین»، دوای دە مانگ گەمارۆدان داگیرکرد. بەمجۆرە قەراردادی ئاگربەستێک کە لە ساڵی ۲۰۲۰ەوە بە دەخاڵەت و چاوەدێریی سێ هەزار هێزی نیزامی ڕووسیە لە نێوان دەوڵەتی ئازەربایجان و حکوومەتی خۆجەیی ناگۆرنۆ قەرەباغ بەسترابوو، پێشێلکرا. ئەم هێرشە خێرا و بەرینە سەربازییە لە سەرانسەری ئەم ناوچەیە کە لەلایەن حکوومەتی ئازەربایجانەوە گەمارۆ درابوو، بە هاوپشتی مووشەک و ئاگری تۆپخانە و ئەنواعی چەکی قورس دەستیپێکرد. بەپێی ئامارە بڵاوکراوەکان لەلایەن دەوڵەتی ئەرمەنستانەوە ۲۰۰ کەسی مەدەنی کوژراون و زیاتر لە ٤٠٠ کەسیش بریندارbوون و زەرەر و زیانێکی زۆریش بەر ماڵی خەڵک کەوتووە. بیانووی دەوڵەتی ئازەربایجان بۆ ئەنجامدانی ئەم هێرشە بە وتەی خۆیان کردەوەیەکی «دژەتیرۆریستی» بووە لە وڵام بە حکوومەتی خۆجەیی ناگۆرنۆ قەرەباغ کە گۆیا بەهۆی چاندنی مین لە بەیانی هەمان ڕۆژدا شەش کەسی نیزامی ئازەربایجان کوژرابوون. وەزارەتی بەرگری ئازەربایجان لەگەڵ دەستپێکی ئەم هێرشە نیزامییە ڕایگەیاندبوو کە «هەتا کاتێک جیاییخوازانی ئەرمەنی تەسلیم نەبن و چەک نەکرێن هێرشەکە درێژەی دەبێت و حکوومەتی بە ڕەچەڵەک ئەرمەنیی قەرەباغ دەبێ هەڵوەشانەوەی خۆی ڕاگەیەنێ».

بەپێی ڕاگەیەندراوی هێزەکانی بەناو «پارێزەری ئاشتی»ی ڕووسیە ئەم هێرشە نیزامییە لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا بە ڕادەستکردنی بە ئیجباری چەکی شەڕوانانی



ئەرمەنی بە ئەرتەشی ئازەربایجان کۆتایی هات. بەدوای ئەم هێرشەدا، دەیان هەزار کەس لە دانیشتووانی ۱۲۰ هەزار کەسی بێدیفاعی ناگۆرنۆ قەرەباغ، بەپەلە و نیگەران لە ئەزیەت و ئازار و جێنۆسایدی ئەرتەشی ئازەربایجان، ماڵ و شوێنی ژیانیان بەجێهێشت و بەرەو ئەرمەنستان ڕۆیشتوون. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئەرمەنستان توانای دابینکردنی ئیمکاناتی ژیانی ئەم ئاوارانەی نییە و ئەگەری قەیرانێکی مرۆیی لەئارادایە. لەم پێوەندەدا کۆبوونەوەی ئاوارەکان لە تێرمیناڵی «خانکەندی» ناوەندی ناگۆرنۆ قەرەباغ بۆ هەڵاتن و کەمبوونی سووتەمەنیی ئۆتۆمبێل و تەقینەوەی گوماناویی ئەنبارێکی سووتەمەنی لە ڕۆژی دووشەممە ۳ی مانگی ڕەزبەر ژمارەیەکی زۆری قوربانی لێکەوتووەتەوە.

بەوتەی کاربەدەستانی خۆجەیی بەهۆی ئەم تەقینەوەیە بەداخەوە ٢٠ کەسی تر گیانیان لەدەستداوە و نزیکەی ٣٠٠ کەسیش بریندابوون کە دۆخی تەندروستی هێندێکیان مەترسیدار وەسفکراوە. سەرۆکوەزیرانی ئەرمەنستان نیکۆل پاشینیان وێڕای پاکانەکردن بۆ خۆی لەئاستی ئەم جەنایەتە رایگەیاند کە هیچ ڕۆڵێکی لەم ماجەرایەدا نییە و داوای کرد دەستبەجێ شاندێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگریکردن لە جینۆسایدێکی نوێ دابمەزرێندرێت. ناوبراو رووسیەی بە هۆکاری شکستی ئەرمەنستان زانی و حکوومەتی ئازەربایجانی بە «پاکتاوکردنی نەتەوەیی» تۆمەتبار کرد. ئەم بابەتە بۆ جارێکی تر ئاگری تووڕەیی و نەفرەتی جەماوەری




ئەرمەنستانی دژبە پاشینیان پەرەپێدا. خەڵکی نارازی لە بەرامبەر پەرلەماندا لە «ئیرەوان» پایتەختی ئەم وڵاتە کۆبوونەوە. ئەویان بە بێ لیاقەت و خەیانەتکار تۆمەتبار کرد. لەگەڵ هێزەکانی پۆلیس دەرگیربوون و خوازیاری دەست لە کار کێشانەوەی ناوبراو بوون.

رووخاندنی دەسەڵاتی خۆجەیی «ناگۆرنۆ قەرەباغ» و کوشتار و ئاوارەیی خەڵکی ئەوێ، ئاکامی بەشێک لە ڕەقابەتەکانی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی و دەسەڵاتەکانی ناوچەکە لەوانە دەوڵەتی تورکییە و ڕژیمی کۆماری ئیسلامییە. ناوچەی ئەرمەن نشینی «قەرەباغی کوێستان» لە ساڵی ١٩٢١دا لەلایەن حکوومەتی سۆڤیەت وەک ناوچەیەکی خودموختار لە ناو کۆماری ئازەربایجانی شووڕەویدا بەرەسمی ناسرا. بەڵام لەگەڵ رووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و سەربەخۆیی ئازەربایجان، دەوڵەتی شووڤێنیستی تورکییە بە هاندان و پشتیوانی دەوڵەتی ئازەربایجان بەردەوام خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتی خۆجەیی ئەم ناوچەیە بووە. لەلایەکی دیکەوە رووسیە کە داکۆکیکاری دەوڵەتی ئەرمەنستان بوو و سێ ساڵ لەمەوبەر، دەوڵەتی ئازەربایجانی ناچار بە قەبووڵکردنی ئاگربەست لەژێر چاوەدێریی خۆی لەگەڵ ئەرمەنستان کردبوو، بۆ جارێکی تر بە دەرگیربوون لە شەڕی جەنایەتکارانە و ئیمپریالیستی ئۆکراین و لاوازبوونی توانا و دەسەڵاتی، زەمینەی هێرشی ئازەربایجانی بۆسەر ناگۆرنۆ قەرەباغ و رووخاندنی حکوومەتی ئەم ناوچەیەی بۆ «ئیلهام عەلییۆف» فەراهەم کرد. دەوڵەتی پاشینیان لە ئەرمەنستانیش کە هاوپەیمانی ڕووسیە بوو بە وەرچەرخانی بەرەو ڕۆژئاوا و ئەمریکا و ڕەخنەگرتن لە رووسیە بەهۆی بایەخ نەدانی بە ناکۆکییەکانی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان، فورسەتی گونجاوی بۆ ئازەربایجان فەراهەم کرد تا ئەم هێرشە بە سەرەنجام بگەیەنێ. لەلایەکی دیکەوە دەوڵەتی تورکییە بێجگەلە ماهیەتی شوڤێنیستی و دوژمنایەتی مێژوویی لەگەڵ خەڵکی ئەرمەن، بەلەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی ئابووری، لە ئەنجامدانی ئەم هێرشەدا یارمەتی ئیلهام عەلییۆفی دا. هەڵبەت لە شەڕی پێشووی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستانیش لە ساڵی ٢٠٢٠، تورکییە بە پشتیوانیکردنی ڕاستەوخۆ لە ئازەربایجان بەشداری لەو شەڕەدا کرد. ئەردۆغان ڕۆژی دووشەممە ٣ی مانگی ڕەزبەر لە کردەوەیەکی هاندەرانەی شۆڤێنیستیدا بە بیانووی دەستبەکاربوونی پرۆژەی هێڵی گاز و دامەزراوەی نیزامی تەیارکراو لەلایەن تورکییە لەم ناوچەیە، چووە نەخجەوان تا لەم کردەوە جەنایەتکارانەیەی ئیلهام عەلییۆڤ دژبە خەڵکی ئەرمەنی «ناگۆنۆ قەرەباغ» پشتیوانی بکات و خۆشحاڵی دەربڕێ. لەگەڵ داگیرکرانی ئەم ناوچەیە لەلایەن ئازەربایجانەوە ڕێڕەوی ستراتێژیکی «لاچین» یان «زەنگزور» لە کۆنترۆڵی ئەرمەنستان دەچێتە دەر و دەکەوێتە ئیختیار ئازەربایجانەوە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان ئازەربایجان لەگەڵ ناوچەی خودموختاری نەخجەوان و تورکییە بەرقەرار دەبێت. ئەم بابەتە لە بەرامبەردا پەیوەندی سنووریی ئەرمەنستان لەگەڵ ئێران بە یەکجاری دەپچڕێنێ و بە زیانی کۆماری ئیسلامی تەواو دەبێت.

هاوکات لەگەڵ سەفەری ئەردۆغان بۆ نەخجەوان ڕۆژی دووشەممە ٣ی مانگی ڕەزبەر هەیئەتێک لە کاربەدەستانی ئەمریکا لەوانە بەڕێوەبەری «ئاژانسی گەشەی نێونەتەوەیی ئەمریکا» و جێگری وەزیری دەرەوەی ئەم وڵاتە بۆ کاروباری ئورووپا و ئوراسیا بە ئامانجی جەزبی پاشینیان و دەربڕینی هاوپشتی لەگەڵ دەوڵەتی ئەرمەنستان چوونە «ئیرەوان». تا لەژێرناوی بەناو «نیگەرانی مرۆڤدۆستانەی ئەمریکا» بۆ خەڵکی ئەرمەنی قەرەباغ، هەڵوێستی نوێی پاشینیان بۆ دژایەتی و دووری لە رووسیە بەهێز بکەن. هەر بەم ئامانجە یەکیەتی ئورووپاش ڕۆژی سێشەممە چواری مانگی ڕەزبەر لە برووکسێل کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ هەیئەتێکی پایەبەرزی مەقاماتی ئەرمەنستان و ئازەربایجان بە بەشداری نوێنەرانی دەوڵەتانی ئاڵمان و فەرانسە بەڕێوەبرد. هەر لەم ڕاستایەدا قەرارە ڕۆژی ١٣ی مانگی ڕەزبەر دیدارێکی هاوبەش لە نێوان ئیلهام عەلییۆف و نیکۆل پاشینیان سەرۆکوەزیرانی ئەرمەنستان لە «گرنادای» سپانیا ئەنجام بدرێت. لەو نێوەدا تەنها کاردانەوەی رووسیە بلاوکردنەوەی هەواڵی شەڕی ناگۆرنۆ قەرەباغ بووە لەڕێگەی هەواڵنێری دەوڵەتی «تاس»ەوە کە ئەوەش نیشانەی لاوازبوونی توانا و ئەولەویەتەکانی رووسیە لە دوای شەڕی ئۆکراینە.

بەمجۆرە خەڵکی ستەمدیدەی ئەرمەنی لە «ناگۆرنۆ قەرەباغ» کە لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ خەڵکی ئازەربایجان کێشەیەکیان نەبووە و پێکەوە لە ئاشتی و ئارامیدا دەژیان، بەرەووڕوی قەیرانی قووڵی مرۆیی و ئاوارەیی بوونەوە. ئەم خەڵکە ستەمدیدەیە بوونەتە قوربانی سات و سەودا و بەرژەوەندی زلهێزە سەرمایەدارەکانی جیهان و دەوڵەتانی ناوچەکە.

***

Peshrawcpiran

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە
# بەبۆنەی مانگرتنی یەکپارچە لە کوردستان و نارەزایەتییەکان
# لە ساڵڕۆژی گیانبەختکردنی ژینا و دەستپێکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرانسەری

ڕۆژی شەممە ٢٥ی مانگی خەرمانانی ١٤٠٢ خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان بە مانگرتنی یەکپارچە و نارەزایەتی شەقام لە چەند شار ساڵڕۆژی قەتڵی حکوومەتی ژینا و دەستپێکی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە و سەرانسەریان لە ئێران ڕێزلێنا. خەڵکی خەباتکاری کوردستان لە بارودۆخێکدا یەکگرتوویی و هاوپشتی خۆیان نیشان دەدەن کە لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی شڵەژاو و بەپەلە، بە بەرقەرارکردنی حکوومەت نیزامییەکی ڕانەگەیەندراو، بە بردنی تانک و زرێپۆش بۆسەر گۆڕستانی «ئایچی»ی سەقز، بە ڕەوانەکردن و جێگیرکردنی هێزی نیزامی بە ئارایشی جەنگی، هەموو شارەکانی کوردستانی میلیتاریزە کردبوو. حکوومەتی ترساوی ئیسلامی لە ڕۆژانی بەر لە ٢٥ی خەرمانان لە هەموو شارەکان بە بانگکردن، هەڕەشەکردن و ئەزیەت و ئازار و دەستبەسەرکردنی چالاکانی سیاسی و ئەندامانی بنەماڵەی گیانبەختکردووان، بە پەرەپێدانی کەشوهەوای ئەمنیەتی لە کوردستان داماوانە هەوڵی دا تا بەڵکوو بتوانێ لە مانگرتن و نارەزایەتی جەماوەری تووڕە و وەگیانهاتوو ڕێگری بکات. بەکرێگیراوانی ڕژیم لە درێژەی پەرەپێدانی فەزای سەرکوت ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان فەردین جەعفەری کرێکاری زەحمەتکێشی خەڵکی سەقزیان لە نزیک گۆڕستانی ئایچی بە تەقەی ڕاستەوخۆ بەتوندی بریندارکرد و ژمارەیەکی تر لە لاوانیشیان لە شارەکانی تر دەستبەسەرکرد. بەپێی هەواڵی گەیشتوو، لە زۆرێک لە شارە گەورەکانی ئێرانیش ڕژیم بە جێگیرکردنی هێزی چەکدار فەزای نیزامی و ئەمنیەتی پەرەپێدابوو.

سەرەڕای هەموو ئەم هەوڵانە لاوانی شۆڕشگێر و پرگوڕوتین بە چالاکی تەبلیغی و سازماندراو بەشێوەی جۆراوجۆر پێشوازییان لە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان ساڵڕۆژی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە و سەرانسەری کرد و ئەم ڕۆژەیان لە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەدا تۆمارکرد. ئێوارەی ئەم ڕۆژە ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز لە شارەکانی تاران، ڕەشت، لاهیجان، ئیزە، ئەراک، سنە، مەریوان، کرماشان و چەند شاری دیکە بە دروشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆر، مەرگ بۆ خامنەیی هاتنە سەر شەقام و بە نیشاندانی عەزمی خۆیان بۆ درێژەی خەبات، ڕێزیان لەم ڕۆژە گرت. لەم ڕۆژەدا لەسەر بانگەوازی هێزە چەپ و کۆمۆنیست و پێشکەوتنخوازەکان لە ژمارەیەکی زۆر لە شارەکانی جیهان ئاکسیۆن و کارنەواڵی شکۆدار بۆ هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی ئێران و بە نیشانەی ڕێزگرتن لە ٢٥ی خەرمانان بەڕێوەچوو.

مانگرتن و نارەزایەتی ڕۆژی شەممە بۆ جارێکی دیکە بە ڕژیمی نیشاندا کە بزووتنەوەی جەماوەری ڕاپەڕیوی ئێران تا ڕووخاندنی شۆڕشگێرانەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرابەر، بەردەوام دەبێت. ٢٥ی خەرمانان و ڕۆژانی پێشتری، ئەوپەڕی ترس و سەرلێشێواوی ڕژیمی نیشان دا و جەماوەری خەڵک بۆ جارێکی تر لە سیمای ترسلێنیشتووی دوژمندا ئەوپەڕی هێز و توانای خۆیان بینی. ئەم مانگرتن و نارەزایەتییانە و گوڕوتینی لاوانی شۆڕشگێر بۆ جارێکی تر نیشانی دا کە سەرەڕای هەموو جەنایەتەکان و پەرەپێدانی سەرکوت و میلیتاریزەکردنی شارەکانی کوردستان ئیرادەی خەڵک




بەرانبەر بە ڕژیم قایمتر و ڕیزەکانیان یەکگرتووتر بووە. لە هەمان حاڵدا پەرەپێدانی سەرکوت و میلیتاریسمی ڕژیم، کە بۆ مانەوەی خۆی لە هیچ جەنایەتێک دریغ ناکات، نیشانی دا کە ڕێگایەک بۆ پاشەکشەی جەماوەری ڕاپەڕیو نەماوەتەوە. پێویستە خەبات وشیارانە تر، نەخشەمەندتر، ڕێکخراوتر و بە هێنانەمەیدانی هێزی چەند بەرابەر بەتواناتر لە هێزی دوژمن، درێژەی بێت.

٢٥ی خەرمانان بەرهەمی فیداکاری و هەوڵی ماندووینەناسانە و بێدەربغی لاوان، ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و تێکۆشەر بووە کە بە خەباتی خۆیان ترسی مەرگیان خستووتە جەستەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییەوە. کۆمەڵە ستایشی هەوڵ و تێکۆشانی هەموو ئەم ئازیزانە دەکات. بێگومان دەرسەکانی ئەم ڕۆژە مێژووییە، ئەزموونی خەباتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لەپێناو درێژەی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان دەوڵەمەندتر دەکات.

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

بەرقەرار بێ دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٢

١٦ی سێپتامبری ٢٠٢٣

***

پێشـــــــڕەو

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

ئیمەیلی کۆمیتەی هاوئاهەنگی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
tashkh@cpiran.org

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب
international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧

# حوکمی شەلاق بۆ کرێکارانی "گرووپی میللی فووڵاد" نیشانەی ئەوپەڕی داماوی ڕژیمی ئیسلامییە

ڕۆژی چوارشەممە پێنجی مانگی ڕەزبەر، بێدادگای کۆماری ئیسلامی لە ئەهواز بۆ ١٧ کرێکاری ناڕازیی „گرووپی میللی سەنعەتی فووڵادی ئێران“، بەتۆمەتی بێنەما و بێشەرمانەی „تێکدانی نەزمی گشتی لەڕێگەی دروستکردنی ئاژاوە“ لە جەرەیانی نارەزایەتییەکانی ساڵی ڕابردووی گرووپی میللی فووڵاد، حوکمی دژەئینسانی شەلاق و جەریمەی نەقدی دەرکرد. هەر کام لەم چالاکە کرێکارییانە کە لە ساڵی ١٤٠١دا بۆ وەدیهاتنی مافەکانیان لەوانە دژبە بەڕێوەنەچوونی گەلاڵەی ڕیزبەندی پیشە و وەزعیەتی نالەباری بەڕێوەبردنی شیرکەت کۆبوونەوەی نارەزایەتییان بەڕێوەبردبوو، لەڕێگەی ئەم پەروەندە ساختانەوە بە ٧٤ زەربە شەلاق و ٢ میلیون و نیو تمەن جەزای نەقدی مەحکووم کراون. لەو جێگەوە کە لە دادگاکانی نیزامی دژەکرێکاری کۆماری ئیسلامیدا لەڕێگەی دروستکردنی ئاژاوە“، نەک حوکمێکی یاسایی و قەزایی بەڵکوو کردەوەیەکی ئەمنیەتی و سیاسییە کە ڕژیمی ئیسلامی بە ڕواڵەت بەبیانووی „سکاڵای دووبارە“ی شیرکەت بەڵام لە ڕاستیدا لە ترسی سەرهەڵدانەوەی نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری و ڕێگریکردن لێی ئەنجامی دەدات. ئەم بابەتە لە جیاتی ئەوەیکە لەناو کرێکاراندا ترس و وەحشەت پێکبێنێت، خۆی نیشانەی خۆف و ترسی ڕژیمە لە سەرهەڵدانەوەی مانگرتن و نارەزایەتییە کرێکارییەکان. پێویستە بوترێت لە بارودۆخێکدا کە ڕژیم هەر کام لە ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی بەشێوەی ڕانتی و خسووسی خستووەتە ئیختیار یەک یان چەند کەس لە دەست وپێوەند و نزیکانی کاربەدەستانی باڵای ڕژیم، فەرمانی مەقاماتی ئەمنیەتی بە قازییەکان لەپێناو بەرژەوەند و قازانجی




حوکمەکان بە فەرمانی ناوەندە ئەمنییەکان دەردەکرێن، تەنانەت باس کردن و لێکۆڵینەوەشیان تاوان بەحیساب دێت. هەڵبەت لە دەقی حوکمەکەشدا دان بەو ڕاستیە داندراوە کە ئەم حوکمە بەپێی „ڕاپۆرتی ناوەندی ئینتزامی و سکاڵای شیرکەتی سەنعەتی و بازرگانی شەفەق ڕاهیان ئۆکسین و ڕاپۆرتی حەراسەتی گرووپی میللی فووڵادی ئێران دەرکراوە“. دەرکردنی وەها حوکم گەلێک لە دادگاکانی کۆماری ئیسلامی دژبە بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کە تەنانەت بەپێی یاسای کەزایی خودی ڕژیمیش نابێ دەربکرێ، بابەتێکی تازە نییە و پێشینەیەکی دوورودرێژی هەیە. چەندین ساڵ لەمەوبەر ئێژەیی جەلاد سەرۆکی دەزگای قەزایی ڕژیم لەم پێوەندەدا دانی بەوە دانابوو کە: "دەرکردنی حوکمی شەلاق بۆ کرێکاران سەلیقەییە و هێندێک کەس لەگەڵی موافق نین".
بەپێی ڕاپۆرتی „ئیلنا“ هەواڵنێریی کاری کۆماری ئیسلامی، ساڵی ڕابردوو دادگای پێداچوونەوە خاتمەی ئەم پەروەندەیەی ڕاگەیاندبوو و قەراری مەنعی تەعقیبی بۆ دەرکردبوو. کەوابوو کردنەوەی دووبارەی وەها پەروەندەیەک لە بارودۆخی ئێستادا بە تاوانی ساختەی „تێکدانی نەزمی گشتی خاوەنکاران و دژبە کرێکارانە.

هەڵبەت ئەمە نە یەکەمین نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکارانی سەنعەتی فووڵاد دژبە ڕژیم و خاوەنکاری سەرمایەدارە و نە یەکەمین هەڵسووکەوتی دڕندانە و وەحشیانەی حکوومەتی ئیسلامییە دژبە کرێکارانی ئەم بەشە سەنعەتییە. نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران لەلایەن خاوەنکاران و دەسەڵاتەکەیانەوە لەجیات جێبەجێکردنی خواستەکانیان بەردەوام بە سەرکوت و زیندان و ئەشکەنجە وڵام دراوەتەوە و بە قەولی خودی کرێکاران: "بەرپرسانی ڕژیم،هێزی ئەمنیەتی و ئینتزامییان لە گیانی کرێکاران بەرداوە و لەجیات قۆڵبەست کردنی دز و گەندەڵ کە تێکدەرانی ڕاستەقینەی نەزم و بەرهەمهێنانی کۆمەڵگان، زەحمەتکێشترین توێژی کۆمەڵگا و کەسانێک کە خوازیاری مافی کرێکار و بەردەوامبوونی بەرهەمهێنانن، قۆڵبەست دەکەن".

بەڵام بێگومان لەگەڵ درێژەی قەیرانی ئابووری و ئەم بارودۆخە فەلاکەتبارەی کە کۆماری ئیسلامی بەسەر جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشیدا سەپاندوویە، نەتەنیا کرێکارانی فووڵادی ئەهواز بەڵکوو کرێکارانی ناوەندەکانی دیکەی بەرهەمهێنانیش دەنگی نارەزایەتییان بەرزتر دەکەنەوە و بە مانگرتن و نارەزایەتی یەکگرتووانەی خۆیان ڕژیم ناچار بە وەڵامدانەوە بە خواستەکانیان دەکەن. بۆ نموونە مانگی ڕابردوو کارخانەی فووڵادی خەزەر لە شارەکی سەنعەتی ڕەشت کە بەرهەمهێنەری ئەنواعی شمشی فووڵادە و خاوەنکاری ئەو شیرکەتە لە یەک مانگ پێشترەوە بەرهەمهێنانی ئەم کارخانەیەی بەبیانووی کێشەی ماڵییەوە ڕاگرتبوو، ٤٠٠ کرێکاری ئەم ناوەندە گرینگەی بەرهەمهێنان، لە نارەزایەتی بە بێلاتەکلیفی وەزعیەتی پیشەیی و بە خواستی پێدانی حەقدەستی دواخراو ڕۆژی پێنجی مانگی خەرمانان کۆبوونەوەی نارەزایەتییان بەڕێوەبرد. ئەم کرێکارانە کە چەندین ساڵ پێشینەی کار لەم کارخانەیان هەیە، ئاشکرایان کرد کە خاوەنکاری ئەم کارخانەیە بە بیانووی کێشەی ماڵییەوە بەنیازە ئەم ناوەندە بفرۆشێت. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ئەم کارخانەیە هەروا قازانجدەرە.

دەرکردنی حوکمی شەلاق بۆ کرێکارانی ناڕازیی گرووپی میللی سەنعەتی فووڵادی ئێران بەبیانووی بێنەمای وەک „تێکدانی نەزمی گشتی لەڕێگەی دروستکردنی ئاژاوە“ لەلایەن حکوومەتی ئیسلامییەوە نیشانەی ترس و وەحشەتی ڕژیم لە هاتنە مەیدانی کرێکارانە. بێگومان بزووتنەوەی کرێکاری ئێران کە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا بە مانگرتنی شکۆمەندی خۆی گشت فەزای کۆمەڵگای خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، توانا و زەرفیەتی ئەوەی هەیە کە بە درێژەدانی نارەزایەتی و مانگرتنی خۆی خەباتی کارخانە بە خەباتی جەماوەری خەڵک گرێ بدات و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا لەپێناو ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم دەسەڵاتە دژەکرێکارییە زەمانەت بکات.

دەرکردنی حوکمی شەلاق بۆ کرێکارانی ناڕازی گرووپی میللی سەنعەتی فووڵاد لەلایەن دەزگای قەزاییەوە بەو مانایەیە کە ڕژیمی پشتیوانی سەرمایەداران هیچ مافێک بۆ کرێکاران لەبەرچاو ناگرێت و تەنانەت گەڵاڵەکردنی داخوازییەکانی کرێکاران و خەبات بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیان و گوزەرانیان بە شەلاق وڵام دەداتەوە. دەرکردنی ئەم ئەحکامە دژەئینسانی و کۆنەپەرستانەیە، بۆ چینی کرێکاری ئێران هەڵگری ئەو پەیامەیە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی نەتەنیا هیچکات لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری ناسازێ، بەڵکوو تەنانەت ناشیهەوێ خواستە سەرەتاییەکانیشیان بگرێتە ئەستۆ. لەلایەکی دیکەوە خۆڕاگری و بوێری کرێکاران لەپێناو دیفاع لە خواستە ڕەواکانیان بەرانبەر بە خوێنڕێژانی سەرمایە هەڵگری ئەو پەیامەیە کە چینی کرێکاری ئێران بەسەر هەستی لاوازبوون و دەرماندەییدا زاڵ بووە و تەسلیم نابێت و خەبات تا وەدیهاتنی „نان، کار، ئازادی“ درێژە دەدات. کەوابوو پێویستە ڕیزەکانمان پتەوتر، مانگرتن و نارەزایەتییەکانمان یەکپارچەتر و سەرانسەریتر بکەینەوە. بێگومان شۆڕش لە ئاسۆدایە.

***

# پەیامی پیرۆزبایی ئەنجومەنی سینفیی مامۆستایانی کوردستان (دیواندەرە، مەریوان و سەوڵاوا، سەقز و زێویە، سنە و کەڵاتەرزان) بەبۆنەی دەستپێکی ساڵی خوێندن و کرانەوەی مەدرەسەکان

ئاواتی و ئارمانی هەمیشەیی ئەنجومەن ئەوە بووە کە مەدرەسەکان پڕ بن لە خۆشی و داهێنان و سڵامەتی ڕووح و ڕەوان بۆ خوێندکاران و مامۆستایان. هەموو هەوڵ و خەباتیشی هەر لەپێناو وەدیهێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزە بووە. بەڵام "لە ئەولەویەتدا نەبوون و بایەخ نەدانی دەسەڵات بە پەروەردە و بارهێنان"، "زاڵبوونی ڕووحی مادیگەرایی و دامەزراوەی کۆنکووڕی و پووڵساز بەسەر بەرنامە و بڕیاری بەرپرسانی "وەزارەتی پەروەردە" و "بێ تەدبیرییەکانی بەرپرسانی سیستەمی پەروەردەی ئێران لەئاستی شار و پارێزگا و وڵات" بەجۆرێک فێرکاری و پەروەردەی وێران کردووە کە بەهاری گەشە و پشکووتن و فێربوونی کردووەتە خەزانێکی خەمبار.

- خەرجی ئیدارەی مەدرەسەکان لە سفرەی بەتاڵی خانەوادەکانەوە دابین دەکرێت و ئەسڵی ٣٠ی یاسای بنەڕەتی و پەروەردەی بەخۆڕایی لەلایەن کاربەدەستانی فەرمییەوە گاڵتەی پێدەکرێ. وەزیری ئامووزش و پەروەرش، پەروەردە وەک کاڵا پێناسە دەکات و ڕاشکاوانە ڕایگەیاندووە کە "هەرکەس خوێندنی باشتری دەوێ دەبێ پارەی زیاتریش بدات".

- بەرپرسانی ئامووزش و پەروەرەش، لەجیات دامەزراندنی کەس بۆ جوبرانی کەمبوونی ٢٠٠ هەزار مامۆستا، بە بردنەسەری ژمارەی خوێندکارانی پولەکان و بە بەکارهێنانی کەسانی نامەربووت یان چەوساندنەوەی خانەنشینان، مودیران و موعاونان جوبرانی دەکەنەوە کە ئەمەش ئاکامێکی نییە بێجگەلە "لەناوبردنی کوالیتیی پەروەردە و خوێندن".

- بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیس ٩٦٠ هەزار منداڵ و تازەلاو لە خوێندن بەجێماون یان وازیان لە خوێندن هێناوە. کە زۆربەیان کچان و منداڵانی ناوچە مەحرووم و بێبەشکراوەکانن.

- بۆشایی چینایەتی و بێعەداڵەتی لەئاستی کۆمەڵگا لە بواری پەروەردەشدا ڕەنگی داوەتەوە و لە هەزار پلەی بانی کۆنکووڕ لەسەدا ٥٠یان سەربە بنەماڵە دەوڵەمەندەکانن. لە کۆنکووڕی ساڵی ڕابردووشدا لە هەر ٤٠ کەسی ڕوتبەی باڵای کۆنکووڕ ١ کەس لە مەدرەسە دەوڵەتییەکاندا دەرسی خوێندبوو.

- وەزیری ئامووزش و پەرورەرش لەجیات هەموو پێوەرەکانی هەڵبژاردنی مامۆستا لە هەمووان زیاتر لەسەر "وەفاداربوون بە نیزام" تەئکید دەکات. جێگری کلتووریی حەوزەکانی عیلمییەش ڕاگەیاندووە کە لە ماوەی ٣ ساڵدا تا مانگی ڕەزبەری ١٤٠١ شەش هەزار تەڵەبە چوونەتە مەدرەسەکان کە ئەمەش نیشانەی بڕیاری دەسەڵات بۆ هەرچی زیاتر ئیدئۆلۆژیک کردنی سیستەمی پەروەردە و بارهێنانی کەسانی گوێڕایەڵ و موتیعە.

- بابەتێکی گرینگی دیکە کە لە ساڵی خوێندنی ڕابردوودا کەشوهەوای پەروردەی ئاڵۆز و ناخۆش و تەنانەت قیزەون کردبوو، ئەمنیەتی کردنی فەزای مەدرەسەکان بوو. بەدوای دەسپێکی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی هاووڵاتییان لە مانگی ڕەزبەری ١٤٠١ و بەڕێوەچوونی مانگرتنی مامۆستایان بۆ دیفاع لە حەریمی مەدرەسەکان و خوێندکارانێک کە هەزینە و گوشاریان بەسەردا سەپابوو، ٣٥٠ مامۆستای کوردستان بەرەوڕووی کەسری حقووق، قەتعی ڕوتبەبەندنی، دەرجی غەیبەت و ناساندن بە هەیئەتی تەخەلوفات بوونەوە. سەدان مەدرەسەی کچان هێرشی کیمیاییان کرایە سەر و هەزاران کچی بێ تاوان تووشی کێشەی هەناسەدان، حساسییەتی پێست، گرفتی عەسەبی، مەدرەسەهەراسی و ... بوونەوە. مەدرەسەکان بوون بە شوێنی هاتوچۆی هێزی نیزامی و حەراسەت. بەجۆرێک کە دەتگوت ئیدارەی بواری پەروردە بە هێزە نیزامی و ئەمنییەکان سپێردراوە. لە درێژەی ئەم هەوڵە دژەزانستییە لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا دەیان مودیر و موعاونی بەتوانا و شەرافەتمەند سەرەڕای هۆگرایەتی و سەرکەوتنی فراوانیان، تەنها بەتاوانی پشتیوانی لە مەدرەسە و مافی خوێندکاران و مامۆستایان لە بەڕێوەبەرایەتی مەدرەسەکان لابران. لە کۆبوونەوەی یاسایی ١٦ی ڕەشەممەی ١٤٠١ و ١٩ی گوڵانی ١٤٠٢، نزیکەی ٣٠ مامۆستای ئەم پارێزگایە درانە بەر توندوتیژی یان دەستبەسەر و زیندانی کران.

ئەو خاڵانەی سەرەوە و هۆکارگەلێکی تر کە لێرەدا مەجالی باس کردنیان نییە نیشانی دەدات کە وەها نیزامێکی پەروەردەی فەشەڵ و عەیبدار نەتەنها ناتوانێ دەردەکانی کۆمەڵگا دەرمان بکات بەڵکوو خۆی بەردەوام دەرد و قەیران بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنێت. هەڵبەت ئامانجی ئەنجومەن لە بەیانی ئەم ئامار و بابەتە تاڵانەی سەرەوە لە دەستپێکی ساڵی خوێندندا، بانگەشەی بێهیوایی و بێتوانایی نییە. بەپێچەوانەوە ئەنجومەن زۆر گەشبین و هیواداره بەوەیکە خوێندنی بەخۆڕایی، دادپەروەر و بەکوالیتی ببێتە وتاری کۆمەڵگا و بە پێکهاتنی هیمەتێکی گشتی بۆ وەدیهێنانی، داهاتوویەکی باشتر بخولقێت. بەڵام بێگومان بەبێ ناسینی ئەم ڕاستییانە، بە بێ دەست بردن بۆ ڕیشە و بە بێ هاوفکری گشتی بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و بە بێ هەڵوێستی دروست لە کاتی پێویست، بە هیچ شێوەیەک ناکرێ نیزامی پەروەردە لەژێر باری ئەم هەموو کێشە و قەیرانە دەرباز بکرێت. ئەنجومەنی سینفی مامۆستایانی کوردستان وێڕای پیرۆزبایی ساڵی نوێی خوێندن و کرانەوەی مەدرەسەکان لە هەموو خوێندکارانی بوێر و خوازیاری زانست، مامۆستایانی تێگەیشتوو و دایکان و باوکانی هێژا، داوا لە هەموو ئەم بەڕێزانە و چالاکانی بواری پەروەردە و میدیا سەربەخۆ و خەڵکییەکان دەکات کە بە هیوا وئومێد بە داهاتوو و بە بەرپرسایەتی زیاترەوە چاودێری بارودۆخی مەدرەسەکان بکەن و لەڕێگەی بەهێزکردنی ڕوانینی ڕەخنەگرانە و داخوازییەکانیان لەپێناو وەدیهێنانی سیستەمێکی پەروەردەی دادپەروەرانە و چالاک و زیندوو یارمەتیدەری ئەنجومەن بن.

ئەنجومەنی سینفیی مامۆستایانی کوردستان

٣١ی خەرمانانی ١٤٠٢

***

# ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان بەبۆنەی کرانەوەی مەدرەسە و زانکۆکان

لە سەروبەندی ئەوەڵی مانگی ڕەزبەری ١٤٠٢داین. یەکی ڕەزبەر ملیۆنان خوێندکار دەڕۆنە مەدرەسە و زانکۆکان. ئەمساڵ کرانەوەی مەدرەسە و زانکۆکان لە بارودۆخێکدایە کە یەکساڵ بەسەر دەستپێکی بزووتنەوەی مەزنی ژن ژیان ئازادی تێپەڕیوە. ئەو بزووتنەوەیەی بە پشەنگایەتی ژنان و کۆمەڵی بەرینی لاوان و جەماوەری زەحمەتکێش و چەوساوە، چارەنووسی سیاسی ئەم وڵاتەی گۆڕیوە. لە جەرەیانی پتر لە شەش مانگ خەبات و خۆڕاگری بوێرانە بەرامبەر بە هێزی دڕندەی سەرکوتگەر کە بێجگەلە بەکارهێنانی گوللەی جەنگی و ساچمەیی، بە هێرشی کیمیایی بۆسەر مەدرەسەکانی کچان تەنانەت ڕەحمیان بە منداڵانیش نەکرد، سەدان ژن و پیاو و منداڵ گیانیان بەختکرد و هەزاران کەس دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندانەکان کران. ئەم ئاخێزە بەرین و سەرانسەرییە کە تێیدا خوێندکاران و مامۆستایان بەردەوام ڕۆڵێکی بەرچاویان بینیوە، گەلێک دەستکەوتی گرینگی بووە و بەپێچەوانەی تەبلیغاتی ڕژیم نەتەنها خامۆش نەبووە بەڵکوو بەستێنەکانی سەرهەڵدانی ئاخێزێکی تری لە داهاتوودا ئامادە کردووە. بێگومان دەستکەوتەکانی ئەم ئاخێزە کەشوهەوای مەدرەسە و زانکۆکان گەشاوە و پرگوڕوتین ڕادەگرێت و ئەزموونەکانی دەبێتە یارمەتیدەری لاوان بەتایبەت خوێندکاران بۆ درێژەدانی خەبات لەپێناو گەیشتن بە خواست و ئامانجەکانیان.

خوێندکاران و مامۆستایانی تێکۆشەر!

قوتابخانە و زانکۆکان لە دۆخێکدا دەکرێنەوە کە بەهۆی قەیرانی ئابووری و سیاسی، جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لەژێر چنگی گرانی، بێکاری و بێ ماڵی و هەژاریدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەچەمێنەوە. لە دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندندا سەدان هەزار منداڵ و تازەلاو بەهۆی هەژاری و نەداری ناچارن لەجیات چوون بۆ مەدرەسە و زانکۆ، لە کوڵان و شەقامەکاندا بەدوای تیکەنانێکەوە بن. لە سەردەمی لاویەتیدا لەناو چنگی خاوەنانی سەرمایە، مافیای مادەی هۆشبەر و قاچاغچیانی مرۆڤدا گرفتار بن. یان لە باشترین حاڵەتدا ڕۆژگاری تیرە و تاری کار لە کارگا و مەزرا و کانگاکان بۆ دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانیان تەحەمول بکەن. زۆرێک لە بنەماڵەکان لە بارودۆخێکدا ڕۆڵەکانیان ڕەوانەی مەدرەسەکان دەکەن کە بەهۆی گوشاری ئابووری و گەلێک کێشە و گرفتی تر، تەنانەت توانای دابینکردنی پێداویستی و خۆراکی منداڵەکانیان نییە. هەژاری بەردەوام لاوان و تازەلاوانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە حەسرەتی چوون بۆ مەدرەسە و زانکۆدا دەسووتێنێ. ئەوەش لەحاڵێکدایە کە ساڵەهایە کۆمەڵانی خەڵک خوازیاری قەدەغەکردنی کاری منداڵان و خوێندنی بەخۆڕایی لە هەموو ئاستەنگەکاندان.




هەروەها ملیۆنان منداڵ سەرەڕای ئەوەیکە لە خوێندن بە زمانی دایک بێبەرین، بەهۆی هەژاری و نەدارییەوە توانای خوێندنیان نییە و دەبنە منداڵی کار و بەرەورووی چارەنووسێکی دڵتەزێن دەبنەوە. لە مەدرەسەکانیش ملیۆنان منداڵ بەهۆی نەبوونی پەروەردەی زانستی و مۆدێرن هەر لە سەردەمی منداڵییەوە لەگەڵ خورافات و دەرسی ئایینی بەرەوروو دەبنەوە کە بە دروست نەمانی ئەم سیستمە پەروەدەیە یەکێک لە خواستەکانی بزووتنەوەی مامۆستایان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بووە. دژایەتی لەگەڵ بە کاڵا کردنی مەدرەسەکان و خوێندنی زانستی و پەروەردەی مۆدێرن یەکێک لە داخوازییە ڕەواکانی مامۆستایان بووە. لەلایەکی ترەوە هێرش بۆسەر ماف و بژێوی مامۆستایانی زەحمەتکێش، زۆربەی مامۆستایانی مەجبوور کردووە تا لە کاتی فەراغەتیاندا لە جیات بردنەسەر و گەشەی زانستیان بەمەبەستی دابینکردنی ژیان و گوزەرانیان خەریکی کاری وەک موسافرکەشی و دەکەداری و کاری هاوشێوە بن.

خوێندکاران و مامۆستایانی خەباتکار!

ساڵی ڕابردوو جەماوەری خەڵک بەتایبەت لاوان بە پێشەنگایەتی ژنان بە دەسەڵاتی کۆنەپەرست و خاوەنانی هێز و سەروەتیان سەلماند کە عەزمتان ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی گشت چینی دەسەڵاتدار و دەزگای دەوڵەتی جەنایەتکارە. لەم خەباتەدا نە بە شا و شێخ و نە بە دەسەڵاتە دەرەکییەکان، بەڵکوو بە ئیرادەی خۆتان پشت ئەستوورن و خوازیاری دیاریکردنی چارەنووس بەدەستی خۆتانن. ئەم بزووتنەوەیە تا سەرکەوتنی یەکجاری بەردەوام دەبێت. لەئێستادا لەگەڵ دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن، ڕژیم بەنیازە بە هێنانە مەیدانی هێزی سەرکوتکەر، مەدرەسەکان، زانکۆکان و ناوەندەکانی دیکەی پەروەردە بخاتە ژێر زەبروزەنگ و بە پێکهێنانی کەشوهەوای ترس و تۆقاندن، لە شکڵ گرتنی ناوەندی ڕێکخراو و وشیار و پێشڕەو ڕێگری بکات. ئەو ناوەندانەی کە دەتوانن لە بردنەسەری ئاستی وشیاری و لە سازماندان و پەیوەندی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵێکی گرینگیان بێت. سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی ڕژیم، بەرینایی و بەردەوامبوونی بزووتنەوەی خوێندکاری و هێزی ڕێکخەر و بڕیاری ڕێبەران و پێشڕەوان دیاری دەکات. لەم ڕووەوە گرنگە کە خوێندکاران و لاوانی پێشڕەو بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی ڕابردوو، بەتایبەت ئاخێزی ژن، ژیان،

ئازادی، بە پەیوەندی لەگەڵ کرێکارانی پێشڕەو ولاوانی مەحەلات زەمینەکانی سازماندان و پەیوەندی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەئاستی کۆمەڵگادا دابین بکەن. ڕیزی خۆیان لە عەواملی ڕژیم و خاوەنانی دەسەڵات و سەروەت جیا بکەنەوە و بە گەڵاڵەکردنی داخوازی و دروشمی کرێکاران، ژنان، لاوان و خەڵکی ژێر ستەم و چەوساوە و جەماوەری زەحمەتکێش، بەستێنی یەکگرتوویی ڕیزەکانیان بۆ نەبەردێکی چارەنووسساز فەراهەم بکەن.

لە بارودۆخی هەستیاری ئێستادا خوێندکاران و مامۆستایانی تێکۆشەر و پێشڕەو، ڕۆڵێکی یەکجار گرینگیان لەئاست بەرەدوامبوونی خەبات و بردنەسەری ئاستی وشیاری و سازماندان و ئاراستەدانی شۆڕشگێڕانە بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان وەئەستۆیە. پێویستە هەوڵ بدەین لە پەیوەند لەگەڵ خەباتی ڕوو لە گەشەی ئێستای ژنان، کرێکاران و زەحمەتکێشان دژبە نیزامی حاکم و بە ئەنجامدانی ئەرکی شۆڕشگێڕانەمان پێگەی مێژوویی زانکۆ و مەدرەسەکان وەک یەکێک لە سەنگەرە گرنگەکانی خەبات بۆ ئازادی و سۆسیالیسم و ئاڵوگۆڕە مەزنە کۆمەڵایەتییەکان بپارێزین. بێگومان یەکگرتوویی و خەبات ڕەمزی سەرکەوتنە!

بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی

بژی سۆسیالیسم

٣٠ی خەرمانانی ١٤٠٢

٢١ی سێپتامبری ٢٠٢٣

واژۆکان: سازمانی ئیتحادی فیدائیانی کۆمۆنیست، ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری - حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کاریگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلیەت

***

## کرێکارانی نەوت حوکمی شەلاق دژبە کرێکارانی گرووپی میللی فووڵادی ئەهوازیان مەحکووم کرد

شۆرای ڕێکخستنی ناڕەزایەتییەکانی کرێکارانی پەیمانی نەوت و شۆرای ڕێکخستنی ناڕەزایەتییەکانی کرێکارانی غەیری ڕەسمی نەوت (ئەرکانی سالس) لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکی هاوبەشەوە دەرکردنی ئەحکامی شەلاق، زیندان و جەریمەی نەقدییان بۆ کرێکارانی ناڕازی فووڵادی ئەهواز بەتوندی مەحکووم کرد. دەقی تەواوی بەیاننامەکە بەم شێوەیە:

مەحکوومکردنی کرێکارانی نارازیی گرووپی میللی، کردەوەیەکی وەحشیانە لە دژی هەموو کرێکارانە

بە جەزای نەقدیی دوو ملیۆن و پێنجسەد هەزار تمەن لەجیاتی سێ مانگ زیندانی و بە سزای وەحشیانە و کۆنەپەرستانەی ٧٤ زەربە شەلاق مەحکووم کراون.

تۆمەتی ئەوان "تێکدانی نەزمی گشتی لەڕێگەی دروستکردنی ئاژاوە" ڕاگەیەندراوە. تێکدانی نەزمی گشتی، لەڕاستیدا دیفاعی کرێکاران لە مافەکانیانە بەرانبەر بە سەرمایەدارانی مفتەخۆر و تاڵانکەر. ناوی ئەم کرێکارانە بریتین لە: مێهدی وەلی پوور، ڕەعید عەبیداوی، تارق خەلەفی، سەید ڕەسووڵ حەراگ، نادر حەردانی، عەلی نادری، مێهدی نەگراوی، مەسعوود



لقی دوازدەی لێکۆڵینەوەی دادسەرای گشتی و ئینقلابی ئەهواز دژبە حەفدە کرێکاری ناڕازی گرووپی میللی فووڵادی ئەهواز بەخاتری ناڕەزایەتییان بەرامبەر بە گەندەڵی بەڕێوەبەران، لەخوارەبوونی ئاستی حەقدەست و بەکردەوە دەرنەهاتنی گەڵاڵەی ڕیزبەندی پیشەکان، بەوپەڕی بێشەرمییەوە حوکمی زیندان و شەلاقی دەرکرد.

ئێمە دوو ڕێکخراوی کرێکاری ناوەندەکانی نەوت، شۆرای ڕێکخستنی ناڕەزایەتییەکانی کرێکارانی پەیمانی نەوت و شۆرای ڕێکخستنی ناڕەزایەتییەکانی کرێکارانی غەیری ڕەسمی نەوت (ئەرکانی سالس)، نەفەرەت و بێزاریی خۆمان بەرامبەر بەم حوکمانە کە ئەوپەڕی بەربەریەت و سووکایەتییە بە کرێکاران، ڕادەگەیەنین.

بەپێی ئەم ئەحکامە دڕندانەیە ئەم حەفدە کرێکارە

حەیدەری، عەبدولحسێن حەمیدپوور، مستەفا عەبیات، عەبدولکەریم سیاحی، کازم حەیدەری، عەلی ئیلاهیفەر، هادی وائلی زادە، حەسەن جاوید حەموودی و غەریب حویزاری.

بەمجۆرە دەزگای قەزای و باسکی سەرکوتی واتە حەراسەتی شوێنی کار لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گەندەڵی شیرکەت وەها حوکمێکیان بۆ تەنبێ کردنی کرێکاران دەرکردووە. چونکە ئەساسەن ئەم پەروەندەیە بەدوای سکاڵای "شیرکەتی سەنعەتی و بازرگانی شەفەق ڕاهیان ئۆکسین" واتە خاوەنکاری ئەم شیرکەتە و ڕاپۆرتی حەراسەتی کارخانە دژبە کرێکارانی ناڕازی گرووپی میللی کراوەتەوە و ئەمەش داستانێکە کە لە هەموو شوێنەکانی کار لەئارادایە. لە شوێنە جیاجیاکانی سەنعەتی نەوت ئێمە کرێکاران بەهۆی ئەمجۆرە پەروەندەسازییانەوە دەستگیر و زیندانی

کراوین بەڵام بەردەوام خەبات و بەرەنگاربوونەمان درێژەداوە.

ئێمە واژۆکارانی ئەم بەیاننامەیە وێڕای ڕاگەیاندنی بێزاری و ناڕەزایەتیمان لەئاست حوکمی دەرکراو بۆ کرێکارانی گرووپی میللی فوولادی ئەهواز، هاوپشتی خۆمان لەگەڵ ئەم کرێکارانە و لەگەڵ هەموو کرێکارانی گرووپی میللی ڕادەگەیەنین و لەسەر هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی ئەم ئەحکامە قیزەون و وەحشیانەیە تەئکید دەکەین.

ئێمە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە دەنگی ناڕەزایەتیمان بەرامبەر بە وەها حوکم و سزا گەلێکی کۆنەپەرستانە بەرز بکەینەوە.

سزای لێدانی قەمچی و شەلاق پێویستە بۆ هەمیشە قەدەغە بکرێت.

کۆبوونەوە، ناڕەزایەتی و ڕێکخراو مافی ڕەوای هەموو کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکە. ڕێگە نادەین کەرامەت و مافەکانی ئێمە کرێکاران بەم شێوەیە کایەی پێبکرێت.

لەو بابەتە ئاگادارین کە حکوومەت بە ناڕەزایەتی ئێمە کرێکاران و خەڵک، گەمارۆ دراوە و بەخاتری نیگەرانی بەرینی لەئاست پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان دەست بۆ ئەنجامدانی ئەم کردەوە دژەکرێکارییانە دەبات، بەڵام ئێمە نابێ ڕێگە بدەین و ڕێگەش نادەین.

پێویستە لە ئاستی سەرانسەریدا دەنگی ناڕەزایەتیمان لەدژی ئەم حوکمە وەحشیانەیە بەرز بکەینەوە و لە کرێکارانی ناڕازی چالاکانە دیفاع بکەین.

شۆرای ڕێکخستنی ناڕەزایەتییەکانی کرێکارانی پەیمانیی نەوت

شۆرای ڕێکخستنی ناڕەزایەتییەکانی کرێکارانی غەیری ڕەسمیی نەوت (ئەرکانی سالس)

ڕەزبەری ١٤٠٢

***

# یەکیەتیی ئەورووپا، دوایین بزمارەکان لە تابووتی کۆنوانسیۆنی ژنێڤ دەدات

وەزیرانی ناوخۆی دەوڵەتانی یەکیەتیی ئەورووپا ڕۆژی پێنجشەممە ٢٨ی سێپتامبر، بەرابەر لەگەڵ ٦ی مانگی ڕەزبەر بۆ چەندومین جار کۆبوونەوەی بەپەلەیان بۆ چارەسەرکردنی ”قەیرانی پەنابەری“ بەڕێوەبرد. لە ڕۆژانی پێشتردا سەرۆکوەزیرانی نیۆفاشیستی ئیتالیا هەڕەشەی لە دەوڵەتانی ئەورووپایی کردبوو کە ئەگەر ڕێگایەک بۆ کۆتایی ئەم قەیرانە نەدۆزنەوە، ئیتالیا بڕیاری خۆی لەمبارەوە دەدات. هەڵبەت بڕیاری سەرۆکوەزیرانی نیۆفاشیستی ئیتالیا تەنها دەتوانێ قوربانیکردنی



ژمارەیەکی زیاتر لە پەنابەران لەناو دەریای مەدیتەرانەدا بێت. ئەوەیکە وەزیرانی ناوخۆ پەسندیان کرد، بەدەر لەو هەوڵانەی کە بۆ ڕازاندنەوەی دەیدەن، لەڕاستیدا لێدانی دوایین بزمارەکان بوو لە تابووتی کۆنوانسیۆنی ژنێڤ بۆ مافەکانی پەنابەران. لەئێستادا بەبیانووی ”قەیرانی توند“ەوە ڕێگە بە دەوڵەتەکان دراوە تا یاساکانی کۆنوانسیۆن بە هەر ئەندازەیەک کە پێویستی دەزانن، پێشێل بکەن.

لەڕاستیدا ئەوەیکە پێی دەوترێ قەیرانی پەنابەری ئاکامی ڕاستەوخۆی سیاسەتەکانی دەوڵەتانی سەرمایەدارییە. یەکیەتیی ئەورووپا هەرکات مەسەلەی تاڵانکردنی سەرچاوە سرووشتییەکانی وڵاتانی غەیری ئەورووپایی بێتە بەرەوە، بۆ ساتێک دەریغی ناکات و ئامادەیە لەگەڵ گەندەڵترین سەرانی وڵاتانی غەیری ئەورووپایی، گرێبەستی گەورە بۆ تاڵانکردنی سەرچاوە و کانگاکانی ئەم وڵاتانە ببەستێ. بە بردنەسەری ڕێژەی گازە گوڵخانەییەکان ژینگەی خەڵکی وڵاتانی دەرەوەی بازنەی ئەورووپایان لەناوبردووە. لە هەمان حاڵیشدا ئامادەن لەگەڵ سەرانی دەوڵەتانی قارەی ئەفریقا و یان دیکتاتۆری تورکییە گرێبەستی گەڕاندنەوەی پەنابەران ببەستن و یان چارەنووسی پەناخوازان بە شەپۆلە خرۆشانەکانی دەریای مەدیتەرانە بسپێرن. یەک ساڵ لەمەوبەر بە دانی سەد و بیست و حەوت ملیۆن یۆرۆ، هاوکاریی دیکتاتۆری توونێسیان بۆ سنووردارکردنی تێپەڕینی پەناخوازان لە توونێس و گەڕاندنەوەیان بەدەست هێنا. بەڵام ئاکامی ئەم موعامەلە قیزەونە تەنها ئەوە بوو کە پەناخوازان دەبێ هەزینەی زیاتر بۆ پەڕینەوە لە سنوورەکان بدەنە قاچاغچیان و هاوکات ژمارەی قوربانییانی دەریای مەدیتەرانە بەرزتر بووەوە. لە ساڵی ٢٠١٦دا

موعامەلەی شەرمەزارکەری شەش هەزار ملیاردی لەگەڵ ئەردۆغان بۆ گەڕاندنەوەی پەنابەران لە یوونانەوە بۆ تورکییە ئەنجام درا. کاتێک کە دەنگی ناڕەزایەتیی دەوڵەتی یوونان بەخاتری هجوومی پەنابەران لە سنووری تورکییەوە بەرەو دوورگەکانی یوونان بەرز بووەتەوە، سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکیەتیی ئەورووپا سەفەرێکی تەبلیغیی بۆ کەمپەکانی یوونان کرد و بەڵێنی دا کە ڕێگاچارەیەکی ئەورووپایی بۆ ئەم قەیرانە دەدۆزێتەوە.

هێشتا زیاتر لە چەند حەفتە لە سەفەری سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکیەتیی ئەورووپا لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی نیۆفاشیستی ئیتالیا بۆ دوورگەی "لامپێدۆسا" تێنەپەڕیبوو کە سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئەورووپا بەڵێنی یارمەتی یەک ملیارد یۆرۆیی بە ئیتالیا دا. بەڵام بۆ سەرۆکوەزیرانی نیۆفاشیستی ئیتالیا مەسەلەکە دەرکردنی پەنابەران لە ئیتالیا و ڕێگری لە چوونی پەنابەرانی نوێ لەڕێگەی ناردنی کەشتی جەنگی بۆ ئاوەکانی مەدیتەرانە و گەڕاندنەوەی بەلەمی پەنابەران بەرەو توونیس و لیبییە. باس لەوە دەکرێت کە پەناخوازان تا هەژدە مانگ لە گرتووخانەکاندا ڕابگیرێن تا وڵاتانێک کە ئەم پەنابەرانە لەوێوە هاتوون، حازر بێت وەریان بگرێتەوە. لەڕاستیدا جیهانی سەرمایەداری ڕێگاچارەیەکی بۆ ئەم قەیران و تراژێدیا قووڵە ئینسانییە نییە. چونکە لەجیات بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هۆکاری قەیرانی پەنابەری، بەشوێن ڕێگایەکەوەیە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پەنابەران. بێگومان دەتوانین بڵێین کە گرێبەستی "شێنگێن" کە بابەتە سەرەکییەکەی کۆنترۆڵ نەکردنی سنوورەکانی نێوان وڵاتانی یەکیەتیی ئەروووپا بوو، لە دنیای واقعدا مەوزووعیەتی خۆی لەدەست داوە. کەشتییە جەنگییەکان لە سنووری یوونان لە دەریای "ئێژە" بەربە پەنابەران دەگرن و دەیانگەڕێننەوە تورکییە و هەڵبەت دەوڵەتی تورکییەش لە ناردنەوەی ڕاستەوخۆ بۆ وڵاتی یەکەمیان دەریغ ناکات. لهستان سنووری خۆی لەگەڵ "سلۆواکی" داخستووە. ئاڵمان خاڵی پشکنینی هەمیشەیی لەسەر سنوورەکانی لەگەڵ "ئۆتریش، لهستان و چیک" داناوە. لە هەمان کاتدا ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە پێیان دەوترێت "ئەمن" و پەناخوازان دەنێرنەوە بۆیان، زیاتر دەبێت. کاتێک کە پەناخوازان دوای بۆمبارانی لیبی لەلایەن ئەرتەشی ناتۆ و ڕووخانی قەزافی، خۆیان گەیاندنە دوورگەی "لامپێدۆسا" لە ئیتالیا، جیهان دەیزانی کە ئەم پەناخوازانە



بەهۆی شەڕی ناتۆ لە لیبی هاتبوونە ئەوێ. ئەم پەناخوازانە لە سوودان، لە سوومالی، لە لیبی، لە عێراق، لە ئەفغانستانەوە خۆیان گەیاندبووە قەڵای ئەورووپا. خەڵکی هەموو ئەم وڵاتانە قوربانی هێرش و داگیرکارییەکانی هەر ئەم دەوڵەتە ئیمپریالیستانە و قوربانی هەژاری بێسنوور و لەناچوونی ژینگەن.

لەئێستادا چەندین مانگ و حەفتەیە کە لە میدیاکانی وڵاتانی ئەورووپاییدا باس لە دیاریکردنی باڵاترین ئاستی وەرگرتنی پەناخوازان، بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ قاچاغچیان و بە مانای ڕاستەقینەی وشە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پەناخوازان، باس لە کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و باس لە ناردنی کەشتی جەنگی بۆ دەریای مەدیتەرانە دەکەن. بەڵام هەر ئەوەندە بەسە تا بڕوانینە گرنگترین وڵاتی ئەورووپایی تا ڕوخساری دژەمرۆیی ڕاسیسم ببینین. لە حەوت مانگی سەرەتای ئەمساڵدا نزیک بە دووسەد و چوار هەزار کەس لە ئاڵمان داوای پەنابەرییان کردووە. ئەم ژمارەیە تەنانەت یەک لەسەر پێنجی ئەو پەناخوازانە نین کە بەهۆی شەڕی نیابەتی لە ئۆکراین چوونەتە ئاڵمان. بەڵام لەمبارەوە نە باسی باڵاترین ئاستی وەرگرتن و نە باسی بەرنگاربوونەوە لەگەڵ قاچاغچیان و نە باسێک لە کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان کرا. چونکە لەم ڕێگەوە دەیانتوانی ئەندازیاری بیروڕای گشتی خەڵکی وڵاتەکانیان بکەن بۆ بەرگریکردن لەم شەڕە ئیمپریالیستییە. بەدەر لە هەموو بڕیارەکانی سەرانی یەکیەتیی ئەورووپا و بەدەر لە بۆنی گەنیوی ڕاسیسم کە هەموو شوێنێکی داگرتووە، ئەوەیکە ئاگاهانە دەشاردرێتەوە هۆکاری بنەڕەتی چوونەسەری ملیۆنی ژمارەی مرۆڤی پەناخوازە کە بە هەزاران ئاواتەوە دەریا و دارستان و کێوەکان دەپێوێ تا بەڵکوو شانس بێنێت و شوێنێکی ئەمنی بۆ ژیان وەگیر کەوێت. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە چارەنووسی زۆربەیان شتێک نییە بێجگەلە بوون بە هێزی کاری هەرزان بۆ بەرهەمهێنانی زێدەبایی لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری. ئەمەیە جەوهەری ڕاستەقینەی سیستەمی سەرمایەداری کە تێیدا ژیانی مرۆڤەکان تەنها کاتێک بایەخی هەیە کە لە خزمەت قازانجپەرستی بێسنووری سەرمایەدا بێت.

***

# شێعر

چکۆلە دڵتەنەگەکان

م. خارا ١٥-١١- ١٣٦٤

تۆ دەمن ئاڵاوی،
وەک تینوویی.
نە ناخم دا هەڵگەڕاوی،
وەک خوازی ژیان،
وەکو گیان.

*******

تۆ دەمن ئاڵاوی،
وەک لە گیای بەهاران، باران.
تۆ دەناخم هەڵقوڵاوی،
وەک شریخەی هەور و کارگ،
وەک کوێستان و کانیاوی.
تۆ لە گیانم ڕواوی
چۆن لە مرۆڤ ڕوان
نەو نەهاڵان.
تۆ...تۆ...یۆ...
تۆ دەنگی من کۆ
هاوڕێ گیان!
شیوان، شیوە مارن
لە نشیوان، گولە دەبارن.
شیوان چکۆلان دڵتەنگن
تەنیا کەوتووی جەنگن.
هودەبەندە، کونە
ئەستێرە ونە.

*******

ماتەم وتەم
ڕژاوەتە شاخ و چەم
چی خەمە، چی ماتەمە،
لە دڵی بچکۆلە کەم جەمە.

*******

دڵی بچووکی چۆلەکەکەم،
دڵی کپی چکۆلەکەم،
درەنگ درەنگ...
تێک ئەشکێنێ
چوار چێوەی سنگ.

*******

چۆلەکەکەم،
چۆن یاد نەکەم!
لە بڵێسەی مار،
مەلوچەکەی هەژار،
ئەفسوون بووە،
باڵێ فڕەی لە بیر چووە.
هاکا ڕەپەی دڵی بچووکی،
ببێتە فڕین،
بۆ ڕێ بڕین.
لە دڵ لە تەن،
دەرباز بێ بە سووکی،
بەرەو کوێستانە دوورەکان
بۆ لای بایە...
تێک بشکێنێ سنوورەکان.

*******

( م. خارا ) ناسناوی هاوڕێ مەحمودی سەجادیە کە لە شەڕێکدا بەرانبەر بە هێزەکانی جمهوری ئیسلامی لە قەرخی چۆمی سیروان لە گەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی گوردانی شوان لە ڕۆژی ٢٧ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦١ دا گیانی بەخت کرد.

***